ئەم زانستە دینە بزانن دینە کەتان لەکێ وەرئەگرن

١٨ - ذوالقعده - ١٤٤٧ک   بەشی دووەم

نووسەر:
مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری

پێرست

پێشەکی	06
ئـایا دروستە لەنێوان پایەکانی مزگەوت نوێژ بکرێت ؟	07
ڕۆژی نزای نیشتیمانی و ئایینی ئیبراهیمی !	08
تەوحیدی بەشێ لەخەڵک ئەو تەوحیدە نیە کە الله و رسولەکەی داوایان کردووە	09
پوختەیـەک لەسەر عەقیدەی ئەهل ی سونەت وجەماعەت لەبارەی چۆنیەتی باوەڕهێنان بە قـەدەر	10
ئەپرسن بۆچی زوو شت لەبیرئەکەین ؟	11
ئایا لە ناو نوێژدا دەسـتمان لە کوێ ڕاگرین ؟	12
بێ ئەو مەرجانە هەواڵ و گێڕانەوە لە هیچ کەس وەرمەگرە	13
چۆن لەم دووئایـەتە تێ بگەین (النسا ٔ:78) و (النسا ٔ:79)؟	14
قیامەت نزیک بۆتەوە خەڵکیش لە بێ ئاگاییدان.	15
ڕاجیاوازی زانایان لەبارەی تەفسیری ئایەتی [إنک لا تهدي من أحببت]	16
ئەو گروپانەی شەڕیان لەدژ ئەکرێت	17
دڵخۆشبون بەوەی بەسەر ئەهلی بیدعـ وگومڕایی دێت لەبەڵا وموسیبەت و مردنیان	18
قەسابخانەی سـپایکەر و لەناوبردنی بەنی قریظه	19
ئاگاداربن لەخوێندنەوە وسەیرکردنی بورجەکان	20
شـکاندنی بت ی مەزارگە و گومەزی سەرگۆڕەکان وتەختکردنی ئەومزگەوتانەی لەسـەر گۆڕ درووستکراون وتەقاندنەوەی جێگاشیرکیەکان ئەرکێکی شـەرعیە	21
ئایـە ئەزانیت ئەم کارەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ؟	22
لە سەیر وسەمەرەکان ی خەوارج	23
ئـایا زانایان ئەفزەڵترن یـاخود شەهیدەکـان؟	24

بەڵگە لەسەر بوونی

سزرا و پاداشتی ناو گۆڕ

کەلاشە و ڕوح پێکەوە هەستی پێ ئەکەن

بەڵگەی یەکەم قال تعالى: (النَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ۖ وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ أَدْخِلُوا آلَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ الْعَذَابِ) [غافر : ٤٦]

واتا : لەسەر ئاگر ڕادەنوێنرێن بە بەیانیان وئێواران وەکاتێ قیامەتیش بەرپائەبێت پێیان ئەوترێ شوێنکەوتوانی فیرعەون پەلکێشی ناو دۆزەخ بکەن .

ئیمام ی ابن كثير ئەفەرموێت : ئەم ئایەتە بنچینەیەکی گەورەی ئەهلی سونەتە بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەر سزای ژیانی بەرزەخ لەناو گۆڕدا . [تفسير ابن كثير" (4/82)]

دایکە عائیشە رَضِيَ اللّهُ عَنْهَا ئەگێڕێتەوە ئەفەرموێت : ئافرەتێکی جولەکە هاتە لام و باسی سزای ناو گۆڕی کرد ووتی الله بتپارێزێ لە سزای گۆڕ دواتر دایکە عائیشە پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد لەبارەی سزای ناوگۆڕ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بەڵێ سزای ناو گۆڕ هەقە دایکە عائیشە ئەفەرموێ پێغەمبەر ﷺ نە بینیوە لەپاش نوێژەکان ئیلا پەنای ئەگرت بە الله لە سزای ناوگۆڕ [صحيح البخاري 1317]

دایکە عائیشە ئەفەرموێ پێغەمبەر ﷺ لەدوای خوێندنی التحيات ئەیفەرموو : (اللهم إني أعوذ بك من عذاب القبر، وأعوذ بك من فتنة المسيح الدجال) واتا : پەروەردگارم پەنات پێ ئەگرم لەسزای ناوگۆڕ وەپەنات پێ ئەگرم لەفیتنەی مەسیحی دەجال [رواه البخاري (798)، ومسلم (589)]

شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله ئەفەرموێت : مەزهەب ی سەلەف وپێشەوایان ئەوەیە سزا ونیعمەت ی ناوگۆڕ بەسەر لاشە و ڕوح ی مردوودا دێت وە ڕوح لەپاش جیابونەوەی لەلاشە لە نیعمەت یان لە سزا ئەبێت وە هەندێجار ڕوح پەیوەندی بە لاشەوە ئەبێت بەوشێوە بەڕوح وجەستە نیعمەت یان سزا ئەچێژێت . [الاختيارات الفقهية" (94)]

ابن القيم رحمه الله ئەفەرموێ : مەزهەبی ئەهلی سونەت و جەماعەت ئەوەیە مردوو کە ئەمرێ لە ناوگۆڕ سزا یان پاداشت ئەدرێتەوە وە ئەم سزاوپاداشتە بە ڕوح وجەستە هەستی پێ ئەکات وە ڕوح لە نیعمەت ئەبێت یان لە سزا وە هەندێ کات ڕوح پەیوەندی بە لاشەوە ئەبێت لەپاش مردن بۆیە سزا یان پاداشت بەڕوح و جەستەوە هەستی پێ ئەکات پاشان کاتێ ڕۆژی قیامەت بەرپا ئەبێت ڕوح ئەگەڕێنرێتەوە بۆلاشە ولەگۆڕەکانیانەوە هەڵئەستنەوە . "[الروح (ص:51-52)]

لە ڕوانگەی پرسیاری ئەقڵی

ئیمام ـی النووي رحمه الله وەلام ئەیاتەوە ئەفەرموێت : ئەگەر بوترێ ئێمە کەسی مردوو لەناو گۆڕەکەی ئەبینین وەک خۆیەتی ئیتر چۆن پرسیاری لێ ئەکرێت و چۆن دائەنیشێنرێت ؟ و چۆن بە چەکوشی ئاسنین لێی ئەدرێ و هیچ شوێنێکـی ئەو چەکوشـەش بەلاشەیەوە دیار نیـە ؟

لەوەڵامـدا ئەڵێین ئەمە شتێکی مەحاڵ نیە بەڵکو هاوشێوەی هەیە هاوشێوەکەشی وەک کەسی خەووتوو وایە کەسی خەوتوو کاتێ خەونێ ئەبینێت هەست بەچێژ و بەئازار ئەکات کە ئێمە درکـ بە چێژ وئازارەکەی ناکەین بەهەمان شێوە کەسێ کە بەئاگابێت و کاتێ بیر لە شتانێ ئەکاتەوە هەست بە ئازار یان چێژی ئەو بیرکـردنەوەیە ئەکات بەڵام ئەوکەسەی لەلای دانیشتوە درکـ بەو ئازار یان چێژە ناکات کە کەسی بەرامبەری بەهۆی بیرکردنەوە ئەیچێژێ بەهەمان شێوە جبریل کاتێ ئەهات بۆلای پێغەمـبەر ﷺ و وەحی بۆ ئەهێنا ئەوانەی دەوروبەری پێغەمبەر ﷺ درکیان پێ نەئەکرد. "[شرح مسلم (17/201)]

کەواتـا کەسێ لەئاو غەرق بوە وکەسێ سوتاوە چۆن لەگەڵ ڕوحی ئازار یان لەنیعمەت ـدایە ؟

لەوەڵامدا ئەڵێین ئێمە بڕوامان بە الله یەکە لەسەر هەمووشتێ بەدەسەڵات وتوانایە وە جیهانی غەیب وپەنهان ـی جیاوازە لەوەی بەچاو ئەبینرێت بۆیە لەسەر ئێمە تصدیق و بڕواهێنانە بەوەی شەرع باسی کردووە و ئیجماعی زانایانی ئەهلی سونەت ـی لەسەرە.

ئـایا دروستە لەنێوان پایەکانی مزگەوت نوێژبکرێت ؟



ئیمام ـی الترمذی ناونیشانێکی داناوە بەناوی (باب ما جاء في كراهية الصف بين السواري) ناونیشانی 55 لە أنسەوە دەیگێڕێتەوە کە فەرموویـەتی : ئـێـمـە لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ خۆمان دەپاراست لەوەی نوێژ دابەستین لە نێوان پایەکان .

ئیمام المحب الطبري (الفتح) دەفەرموێت : هەنێ لە زانایان بەکەڕاهەتی ئەزانن نوێژ لەنێوان پایەکان بکرێت بەهۆی ئەو نەهیکردنەی کەهاتوە لەوبارەیەوە وە کاتێ مەکروهە کە مزگەوتەکە تەنگ نەبێت و پێویست نەکات لە نێوان پایەکان نوێژ دابەسرێت حیکمـەت لەم نەهیکردنە بۆ نوێژی نێوان پایەکان بۆ ئەوەیە ڕیزی نوێژی جەماعەت پچرانی تێنەکەوێ یان لەبەر ئەوەیە کە نێوان پایەکان جێی دانانی نەعلە.

ئیمام ـی الترمذي لە عبد الحميد بن محمود دەیگێڕێتەوە فەرموویەتی : نوێژمان کرد لەپشت یەکێ لەکاربەدەستان ناچاربوین لەنێوان پایەکان جەماعەت دابەستین جاکاتێ نوێژمان کرد ئەنەسی کوڕی مالك فەرمووی ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ خۆمان دەپاراست لە نوێژکردن لەنێوان پایەکان ابو عیسا وتویەتی حدیثەکەی انس حسن و سەحیحە بەشێ لەزانایان بەکەڕاهەتیان زانیوە کەڕیز بۆ نوێژی جەماعەت دابەسرێ لەنێوان پایەکان ئەمەش وتەی احمد و اسحاق ـە بەڵام هەنێ تر لەزانایان مۆڵەتیان داوە بەوکارە. [سنن الترمذي مع شرحه تحفة الأحوذي 2/ 19]

کەواتـا هەنێ لەزانایان بەمەکڕوهـی ئەزانن نوێژی جەماعەت لەنێوان پایەکان بکرێت بەو مەرجەی مزگەوتەکە فراوان بێت و پێویست بە بەستنی ڕیزی جەماعەت نەکات لەنێوان پایەکان واتا گەر مزگەوتەکە تەنگ بوو ڕێگا نەبوو جائیزە نوێژی جەماعەت لەنێوان پایەکان بکرێت کەواتا نوێژکردنی نێوان پایەکان بەجەماعەت بۆ غەیری پێویست مەکڕوهە لەگەڵ ئەوەشدا نوێژەکە دروستە و بەوە بەتاڵ نابێتەوە چونکە هەموو کەڕاهەتێ مانای تحريم نایات.

الإمام مالك دەفەرموێت : کێشە نیە نوێژی جەماعەت دابەسرێ لەنێوان پایەکان گەر مزگەوتەکە قەرەباڵغ بێت .

الحافظ ابن حجر دەفەرموێت : المحب الطبری فەرموویەتی بەشێ لەزانایان بەکەڕاهەتیان زانیوە نوێژی جەماعەت لەنێوان پایەکان بکرێت هۆکاری کەڕاهەتەکەش ئەوەیە مزگەوتەکە فراوانە و پێویستی بەوە نیە نوێژ لەنێوان پایەکان بکرێ. [فتح الباري 1/ 747]

— هەنێ تر لەزانایان بە جائیزی ئەزانن نوێژی جەماعەت لەنێوان پایەکان بکرێت

ابن أبي شيبة لەمحمد بن سيرين دەیگێڕێتەوە فەرموویەتی : وانازانم نوێژکردن لەنێوان پایەکان هیچ کێشەیەکی تێدابێت [مصنف ابن أبي شيبة 2/ 370]

ڕیوایەتێکیش لە ئیمام احمدەوە هاتوە کە بەکەڕاهەتی نازانێت وبەجائیزی داناوە وە ابن سيرين و شافعی وئەهلی ڕەئی و ابن منذریش بەجائیزیان داناوە [غاية المرام شرح مغني ذوي الأفهام 6/ 343]

بەڵام ئەکرێ ئەو وتانە بۆئەو مەبەستە تەفسیربکرێت کەئەگەر ناچاری بوو جائیزە نوێژی جەماعەت لەنێوان پایەکان ئەنجام بدرێت ئەما بۆغەیری ناچاری کەڕاهەتی هەیە

ابن حبان لەعبدالحمید گێڕاویەتیەوە کەفەرموویەتی : نوێژی جەماعەت م لەتەنیشتی انس ـی کوڕی مالك کرد لەنێوان پایەکان [صحيح ابن حبان 5/ 597]

کەواتـا ئەمە بەڵگەیە لەسەرئەوەی گەرناچاری بێت جائیزە نوێژی جەماعەت لەنێوان پایەکان بەبەسرێت .

ڕۆژی نزای نیشتیمانی و ئایینی ئیبراهیمی !

کفرنا بکم یا اعداء الله

بێ باوەڕین پێتان ئەی دوژمنانی الله تەنها ئیسلام دینی ئیبراهیمە.

وەحدة الادیان (یەکگرتنی ئاینەکان) یەکخستنی ئاینە ابراهیمیەکان مەبەستیان بەئاینی ابراهیم ی بریتیە لەسێ ئاینەکە (یهود و نەصارێ و ئیسلام) بەڵام درۆیان کرد یهود ونەصارا لەسەر دینی ابراهیم نین

جولەکە وگاورەکانی نجران لەلای پێغەمبەر ﷺ کۆبونەوە (جولەکە وتیان ابراهیم یەهودی بوە نەصارا وتیان ابراهیم نەصرانی بوە بەڵام الله بەدرۆی خستنەوە وئایەتی دابەزاند) { مَا كَانَ إِبْرَاهِيمُ يَهُودِيًّا وَلَا نَصْرَانِيًّا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفًا مُّسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ } [آل عمران : ٦٧] واتا : دڵنیابن کە ئیبراهیم نە جوولەکە بو و، نەگاور بەڵکو موسڵمانێکی الله پەرست بوو بەتاک و تەنها وە لەهاوبەش پەیداکاران نەبوو،

کەواتا درۆتان کرد دینەکانی گاور وجولەکە دینی ابراهیم ی نیە ئەوکارەتان بەدرۆخستنەوەی دەیان ئایەتی قورئانە ئەم کۆنفراسە پڕلەکوفر وگومراییەی لەهەولێر کراوە ساڵانێکە کاری بۆئەکرێت لە مادەی یەکەم برگەی نۆیەم ی یاسای وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان دا دەڵێت (گرنگی دان بەلێبوردەی لەنێوان ئاین وئاینزاکان بەجۆرێکی وا کە بەیەکترگەیشتنی نێوانیان ڕووبدات) کەواتا کوردستان لەرێگەی وەزارەتی ئەوقافەوە لەساڵی 2014ەوە هەوڵی داوە یەکگرتنی ئاینەکان ڕووبدات ئەمەش یاسای دەزگای ئەوقافی کوفریە کە بەناو مەلاکان تێیدا کارمەند وئەندام ـن ! لەبری ئەوەی دەربچن لەو دەزگایە کەدەزگاکە کاربۆ جەحدکردنی ئایەتی قورئان ئەکات

یەگرتنی ئاینەکان واتای چیە؟

واتا ئیسلام ویهودیەت و نەصرانیەت ..هتد هەمووی لەیەک کتێبدا کۆدەکەنەوە ناوی ئەنێن دینی ابراهیم واتا دینێکی تازە بۆئەوەی کەس دژی کەس نەبێت لەسەر ئەساسی دین بەپوختی واتا ڕازی بون بەشیرک وکوفری ئاینەکانی تر و دژایەتی نەکردنی شیرک بەڵکو باوەڕهێنان بەشیرک و دۆستایەتی کردنی موشریکان و بەبرا دانانیان و پێکەوە ژیان لەگەڵ کافران دا وەک برای ئیمانی وهەموو ئەم کوفرانەش دەکرێن بەدین بۆخەڵکی تاخەڵکی پەیرەوی لێ بکەن وپەکخستنی جیهاد و تەوحید و شعائرەکانی ئیسلام .

ئێستا بابزانین حوکمی پەیرەوی کردن لە یەکگرتنی ئاینەکان چیە ؟

الله تعالی دەفەرموێت { وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ } [آل عمران : ٨٥] واتا : هەرکەسێ لەغیری ئیسلام پەیرەوی بکات ئەوا لێی وەرناگیرێت و لەڕۆژی دوایدا لەزیانمەندانە

ئایا ئەزانی زیانمەندان کێن ؟ الله دەفەرموێت { وَمَن يَكْفُرْ بِالْإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ } [المَائدة : ٥] بێگومان هەرکەس بڕوای بەبەرنامەی ئیسلام نەبێ و پاشگەز بوویەوە، ئەوە بەراستیی هەمووکاروکردەوە چاکەکانیشی پووچەڵ دەبنەوە لە دوارۆژیشدا یەکێکە لە ڕیزی زیانمەندانان.

کەواتا زیانمەندان لەقیامەتدا ئەوانەن کەکافرن بە باوەڕهێنان بەالله وڕسولەکەی ﷺ

وە الله دەفەرموێت { لَّهُ مَقَالِيدُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۗ وَالَّذِينَ كَفَرُوا بِآيَاتِ اللَّهِ أُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ } [الزُّمَر : ٦٣] واتا : کلیلەکانی ئاسمان و زەوی تەنها بە دەست الله وەیە چۆنی بوێ دەستکاری دەکات ئەوانەی کافرو بێباوەڕن بە ئایەتەکانی الله ئا ئەوانەن زیانبارەکان و دۆڕاوەکان .

وە دیسان الله عزوجل دەفەرموێت { وَلَقَدْ أُوحِيَ إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكَ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ } [الزُّمَر : ٦٥] واتا : بێگومان وەحی کراوە بۆ تۆو بۆ ئەو پەیامبەرانەی پێش لە تۆ بوون کە ئەگەر هاوبەش بۆالله دانێن وپێی ڕازی بیت ئەوە بێگومان هەموو کردەوەکانت پووچەڵ دەبێ و لە زیانمەندانیش دەبیت .

وە دەفەرموێت : { الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلَاوَتِهِ أُولَٰئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ ۗ وَمَن يَكْفُرْ بِهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ } [البَقَرَة : ١٢١] واتا : ئەوانەیان کە کتێب و نامەمان پێدان - تەورات و ئینجیل - و بە راست و دروستیش دەوری دەکەنەوەو دەیخوێنن و، کاری پێدەکەن وبەهۆی کارکردنیان بەتەورات وئنجیل ئیمانیان بە محمد صلی الله علیه وسلم هێنا وشوێنی کەوتن چونکە لەتەورات وئنجیل ادا وەسفی محمد صلی الله علیه وسلم کراوە کەکۆتا پەیامبەرە جا هەر کەسیش کافرو بێ باوەڕ بێ پێی ئەوانە زیانمەند دەبن و، دەچنە ڕیزی زیان لێکەوتوانەوە .

کەواتا دیسان زیانمەندان ئەوانەن کەکافر ئەبن بەفەرمانەکانی الله کەواتا لێرەوە تێگەشتین شوێنکەوتنی غیری ئیسلام خاوەنەکەی دەکات بەکافر ودەرچوو لەئیسلام

بانگەشەکردن بۆیەککرتنی ئاینەکان جحود کردنی ئەوە ئایەتانەیە کەالله تعالی ئاینەکانی تری هەمووی سڕیوەتەوە و تەنها بەئیسلام ڕازی بوە بۆ مرۆڤایەتی چونکە الله دەفەرموێت { وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا } [المائدة : ٣] ڕازی بووم ئیسلام بەرنامە وپەیڕەوتان بێت .

جاکەسێ ئاینەکانی تر زیندووبکاتەوە ژ بەڕەزامەندی الله وەستاوەتەوە و نکۆڵی لە ڕازی بونی الله کردووە وە جحدی ئەم ئایەتەی کردووە کە الله دەفەرموێت : { وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ۖ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ } [المَائِدَة : ٤٨] واتا : ئەم کتێبە (قورئان) یشمان، هاوڕێ لەگەڵ هەموو ڕاستییەکدا ناردە خوارێ بۆت تەسدیقی ئەو کتێبانەش دەکات بەر لەخۆی هاتوون وە ئەم قورئانە چاودێرو

وزاڵە بەسەر هەموو کتێبەکانی پێش خۆی و پارێزەرو شایەتیشە بۆیان، ئەمیندارى هەموو کتێبەکانی بەر لەخۆیەتی، ئەم هەر شتێکی بەڕاست، یان ناراست دانا، هەر ئەوەیە دەسا تۆش لەنێوان گشت خەڵکاندا، تەنانەت جوولەکەو گاورەکانیش هەر بەپێی ئەو بەرنامەیە کار بکەو بڕیاربدە و لەو هەق و ڕاستییە لەالله وە بۆت هاتووە لامەدە و، مەکەوە شوێنی هەواو ئارەزوویان .

ئەوانەی ئاینێ دەنوسن وئەڵێن ئەمە ئاینی الله یە وئاینی ابراهیم ە ئەوانە بەدەقی قورئان دۆزەخین الله دەفەرموێت : { فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَٰذَا مِنْ عِندِ اللَّهِ لِيَشْتَرُوا بِهِ ثَمَنًا قَلِيلًا ۖ فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا يَكْسِبُونَ } [البَقَرَة : ٧٩] واتا : وەیل و سزای سەخت ، بۆ ئەوانەیە کە بەدەستی خۆیان کتێب دەنووسنەوە و پاشان دەڵێن: ئەمە لە لای الله وە هاتووە لەبەر ئەوە کە بەنرخ و بەهایەکی کەم بیفرۆشن و، کەمێک لە ماڵی دنیای پێ بەدەست بێنن! دیسانەوە هاوارو سزای سەخت بۆ ئەوانەی کەشت دەنوسن بەناوی الله وە هاوار لەوان چ کەسابەتێکی حەرام وناشرین بەدەست دەهێنن.

یەککرتنی ئاینەکان واتا باوەڕهێنان بە پێغەمبەرێ لەپاش محمد ﷺ چونکە شوێن سونەت وڕێبازی نوسەری ئەو ئاینە دەکەوێت بەم شێوەیەش جحدی ئایەتی { مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ } [الأحزاب : ٤٠] دەکات لە پاش پێغەمبەرمان محمد ﷺ بۆ هیچ کەسێ ڕەوانیە گوێڕایەڵی خۆی واجب بکات بەسەرخەڵکیدا و دین وپەیامێ بەناوی الله وە بهێنێت بۆخەڵکی .

یەککرتنی ئاینەکان واتا جحد کردنی هەموو ئەو ئایەتانەی کە تەکفیری کافران وموشریکان دەکات الله تعالی هەموو هەڵگرانی ئاینەکانی تر بەکافر ناودەبات بەڵام لەدینی بەناو ابراهیمی دا هەموو دینەکان دەبن بەیەک قال تعالی :{ لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ مُنفَكِّينَ حَتَّىٰ تَأْتِيَهُمُ الْبَيِّنَةُ } [البينة : ١] وقال جل وعلا : { إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ أُولَٰئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ } [البينة : ٦] وقال تعالى : { وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا الْقُرْآنُ لِأُنذِرَكُم بِهِ وَمَن بَلَغَ } [الأنعام : ١٩]

وە ئیمامی مسلم گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : سوێند بەوزاتەی نەفسی منی بەدەستە هیچ کەسێ نیە لەوئومەتە لەیەهودی ونەصرانی ناوی من ببیستێت وباوەڕ نەهێنێت بەوەی پێی هاتووم ئیلا ئەبێتە ئەهلی دۆزەخ .

دروستکردنی یەکگـرتنی ئاینەکان ئامانج لێی لێـــدانە لەئیسلام وموسڵمانان وەک الله تعالى دەفەرموێت : { وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا } [البقرة : ٢١٧] واتا : کافران بەبەردەوام دەجەنگـن لەدژتان تـا لەدینەکەتان وەرتان گێڕنەوە تابتوانن

وە الله دەفەرموێت : { وَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُوا فَتَكُونُونَ سَوَاءً } [النساء : ٨٩] واتا : ئاواتە خوازن ئێوەش کـافربن وەک خۆیـان بۆئەوەی لەکوفردا یەکسـان بن .

دروستکردنی پەرستگایەکی تایبەت بۆ ئەو دینە نوێیە کوفریە شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله لە مجموع الفتاوى (22/162) دەفەرموێت : " ليست - البِيَع والكنائس - بيوتاً لله ، وإنما بيوت الله المساجد ، بل هي بيوتٌ يُكفر فيها بالله ، وإن كان قد يُذكر فيها ، فالبيوت بمنزلة أهلها ، وأهلها الكفار ، فهي بيوت عبادة الكفار)

واتـا : بیەع ـی جولەکەکان و کڵێسای گاورەکان ماڵی الله تعالى نیـن بەڵکـو مزگەوتەکان ماڵی الله تعالى ـن وە کڵێسا وبیع ماڵێکە کوفری تێدا دەکرێت بەالله ئەگەرچی زیکری الله شـی تێدا دەکرێت جا ئەوماڵـە لەپلە وپێگەی خەڵکەکەیـدایە وەخەڵکەکەی کـافرن بۆیەش ماڵەکە ماڵی بەندایەتی کـافرانـە.

لە کـۆتاییدا

وەڵامـــی ئێمـەی موسڵمان بۆ هەڵگرانی ئەو دینە و ئەوانەشی بانگەشەی بۆدەکەن وئەوانەی کاری بۆدەکەن لەحوکمەتەکان و سەربازەکانیان بەهۆش خۆتان ـدا وەرنەوە بزانن ئێوە بونەتە پاڵپشت لەحوکمەتێ کـەکاربۆ دروستکردنی ئاینێ نوێ دەکات

پەیامی ئێمەش پەیامی الله یـە دەفەرموێت

: { قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّىٰ يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ } [التوبَة : ٢٩]

لەگەڵ ئەوانەشدا بجەنگێن «ئەی بڕواداران» کە بەالله وبە ڕۆژی دوایی بێ باوەڕن و هەر شتێکیش الله وپەیامبەرەکەی حەرامیان کردبێ، ئەمان بە حەلاڵ و ڕەوای دادەنێن وە ملکەچی ئەم دین و ئایینە هەقەش نابن، کە تەنها ئەو دینەش ڕاست و دروستە ئەوانەش دەبێ ئەو جەنگەیان لەگەڵ بکرێت کـە خاوەن کتابن لەجولەکە وگاورەکان جەنگیان لەگەڵ بکەن هەتا بەدەستی خۆیان سەرانە دەدەن بەسەرشۆڕی وڕیسوای



تەوحیـدی بەشێ لەخەڵک ئەو تەوحیدە نیەکە الله و رسولەکەی داوایان کردووە

بۆیە تەوحیدی ئێمە پێچەوانەی بەناوی تەوحیدی موشریکین ومعطلە وئەهلی کلام ـە : ئیمام ـی شافعی ئەیفەرموو لە بارەی ابراهیم بن اسماعیل بن علیە موعتەزیلی : (أنا أخالف ابن عُليَّة في كل شيء حتى في قول: لا إله إلا الله؛ فإني أقول: لا إله إلا الله الذي كلّم موسى، وهو يقول: لا إله إلا الله الذي خلق كلامًا سمعه موسى)

من پێچەوانەی ابن علیە ئەکەم لە هەمووشتێکدا تەنانەت لە وتنی لااله الاالله ش چونکە من ئەڵێم **لااله الاالله** (الله ئەوزاتەیە کەقسەی لەگەڵ موسا کرد) بەڵام ابن علیە ئەڵێت لااله الاالله (الله ئەوزاتەیە کلامێکی دروست کرد تاموسا بیبیستێت. [رواه البيهقي في (مناقب الشافعي) و لسان الميزان (1/ 243)]

شيخ الإسلام ابن تيمية لەبارەی ئەهلی کلام ـەوە فەرموویەتی : (لم يعرفوا حقيقة التوحيد الذي بعث الله به رسوله، فإن مشركي العرب كانوا مقرين بأن الله وحده خالق كل شيء، وكانوا مع هذا مشركين)

هەقیقەتی ئەو تەوحیدەیان نەزانیوە کە الله پێغەمبەرەکەی پێ ڕەوانەکردووە ﷺ چونکە هاوبەشدانەرانی عەرەبیش بڕوایان وابوو کە الله تاکە وخالق ـی هەموو شتێکە دانیان بەوەدا ئەهێنا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەریکیان بۆ الله بڕیار ئەیا. [درء تعارض العقل والنقل (1/ 131)]

شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب رحمه الله لەبارەی سەردەمی خۆی وپێش خۆی ئەفەرموێت : (وأنا أخبركم عن نفسي، والله الذي لا إله إلا هو، لقد طلبت العلم .. وأنا في ذلك الوقت لا أعرفُ معنى لا إله إلا الله، ولا أعرف دين الإسلام قبل هذا الخير الذي منَّ الله به، وكذلك مشايخي ما منهم رجل عرف ذلك، فمن زعم من علماء العارض أنه عرف معنى لا إله إلا الله، أو عرف معنى الإسلام قبل هذا الوقت، أو زعم عن مشايخه أنَّ أحدًا عرف ذلك، فقد كذب وافترى، ولبَّس على الناس، ومدح نفسه بما ليس فيه)

واتـا : من هەواڵتان ئەیەمێ لەسەر نەفسی خۆم سوێند بەوەی کە هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەخۆی بەهەق بەدوای زانستی شەرع گەڕاوم .. وەمن لەوکاتەدا نەمئەزانی واتای **لااله الاالله** چیە وە نەمئەزانی دینی ئیسلام چیە پێش ئەم خێرەی الله تعالى ڕشتی بەسەرما بەمنەت وفەزڵی خۆی بەهەمان شێوە شێخەکانیشم کەسیان ئەوەیان نەئەزانی وەهەرکەسێ لە زاناکانی عارض پێی وابێت ئەو مانای **لااله الاالله** ـی زانیوە وەمانای ئیسلامی زانیوە پێش ئەم کاتە یان لافی ئەوە لێ بات یان یەکێ لە شێخەکانی مانای لااله الاالله و ئیسلامی زانیوە ئەوا درۆو وئیفترای کردووە وەخەڵکی چەواشەکردووە مەدحی نەفسی خۆی بەشتێ کردووە کە تێیدانیە. [مؤلفات محمد بن عبد الوهاب، القسم السادس: "الرسائل الشخصية" (ص: 187)]

پوختەیەک لەسەر عەقیدەی ئەهلی سونەت وجەماعەت لەبارەی چۆنیەتی باوەڕهێنان بە

قەدەر

بڕوا هێنان بەقەدەر یەکێکە لەپایەکانی ئیمان وخەڵکانێکی زۆر لەم بابەتەدا گومڕا و سەرلێشواوبون و هەقیان نەپێکاوە

پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت : بەندە ئیمان ناهێنێت تابڕوای بەچوار شت نەبێت شایەتی ـدان بە لااله الاالله و محمد رسول ـی الله یە و بەهەق ڕەوانەکراوە وەبڕوای بەمردن و زیندووبونەوەی پاش مردن هەبێت وبڕوای بەقەدەر هەبێت . [رواه ابن حبان في صحيحه]

قەدەر نوسراوە پێش دروستکردنی مخلوقات بە 50 هەزارساڵ عبد الله ـی کوڕی عمرو بن العاص رضي الله عنه دەفەرموێت بیستم لە رسول الله ﷺ دەیفەرموو : الله تعالی قەدەری هەموو دروستکراوەکانی نوسی پێش ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروست بکات بە پەنجا هەزار ساڵ وە عەڕشەکەی لەسەر ئاوە . [رواه مسلم]

لە قەدەردا ئیمان و کوفر و خۆشی و ناخۆشی و ڕزق وژیان و بەهەشتی بون و دۆزەخ ـی بونی هەموو بەندەکان نوسراوە لە صحیح ـی مسلم لە علي بن أبي طالب رضي الله عنه هاتوە فەرموویەتی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : هەریەکێ لەئێوە وەهەموو نەفسێک ئیلا الله تعالی جێگاکەی بۆی نوسیوە لە بەهەشت و لە دۆزەخ وە الله بۆی نوسیوە خۆش بەخت ئەبێت یان بە دبەخت پیاوێک وتی ئەی پێغەمبەری الله ﷺ مادام هەموو شتێکمان نوسراوە و بڕاوەتەوە بۆچی وازلەکارکردن نەهێنین وە چاوەڕوانی ئەو قەدەرە بین کە بۆمان نوسراوە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی هەرکەسێ لە ئەهلی خۆشەبەختی نوسرابێت لە قەدەردا ئەوا لەدوونیادا بەکرداری ئەهلی خۆشبەختەکان کردار ئەکات وەهەرکەسێکیش لە قەدەردا لە بەدبەختەکان تۆمارکرابێت ئەوا بە ئاراستەی کرداری بەدبەختەکان لە دوونیا

كردارئەكات پاشان ئەم ئايەتەی خوێندووە (ئەو كەسەی ماڵ ئەبەخشێت و تەقوای الله ـی كرد وبڕوای بەپاداشتی الله هێنا ئەوا ڕێنمای وئاڕاستەی ئەكەین بوڕاستە ڕێگا وە ئەوەشی ڕەزیلی بكات لەبەخشین و بڕوای نەهێنا ئەوا ئاڕاستەی دەكەین بۆ دژوارترین ڕێگە) [الليل : ١٠]

تەنانەت هەرگوناهێك ئەنجام بدرێت ئەوا بە قەدەری الله نوسراوە جا لە حیكمەتی الله یان ئەوەیە ئەو گوناهەی نوسیوە تائەو بەندە لە غرور بون بپارێزێ و تەوبەشی بە قسمەت ئەكات یان ئەیەوێ بەو گوناهە ئەو بەندەیەی سەرلێشواوبكات و بیخاتە دۆزەخەوە چونكە بەندەكان هەموویان موڵكی الله ـن ئەگەر الله لە خۆڕا هەمووشیان بخاتە دۆزەخەوە ستەمی لێ نەكردوون چونكە موڵكی الله ـن.

رسولَ اللهِ ﷺ فەرموویەتی: ئەگەر الله تعالى سزای هەموو خەڵكی ئاسمانەكان وزەوی بـات ئەوا ستەمی لێ نەكردوون خۆ ئەگەر ڕەحمیشیان پێ بكات ئەوا ڕەحم ـی الله باشترە بۆیان لە كردارەكانیان ئەگەر بە ئەندازەی كێوی ئوحود ئاڵتون ببەخشیت الله لێت وەرناگرێت تا بڕوا بە قەدەر ئەهێنت. [أخرجه أبو داود(4699)صحيح سنن أبي داود]

وە الله تعالى خۆی كاتێ مرۆڤەكان ـی دروست كرد بەشێكی دروست كردووە بۆ بەهەشت و كرداری باشی بۆ نوسیون وە بەشێكی تری بەدبەخت كردووە و بۆپڕكردنی دۆزەخ دروست ـی كردوون چونكە الله بەشایستەی بەهەشت وهیدایەت ـی نەزانیون

أبو داود لە سننەكەیدا بە سەنەدی صحيح لە مسلم بن یسار الجهني كەپرسیار كـرا لە عمر بن الخطاب لە بارەی ئەم ئایەتەوە : { وإذ أخذ ربك من بني آدم من ظهورهم ذريتهم } [الأعراف:172] ئیمام ـی عمر فەرمووی(: سمعت رسول الله ﷺ ، سئل عنها، بیستم ئەو پرسیارە لە رسول الله ﷺ كـرا رسول الله ﷺ فەرمووی الله عزوجل كاتێ ئادەم ـی دروست كرد بەدەستی ڕاستی خۆی دەستی بە پشت ئادەم هێنا نەوەكانی ئادەمی لەپشت ئادەم دەرهێنا پاشان الله فەرمووی ئەمانەم بۆ بەهەشت دروست كردووە وە بەكرداری بەهەشتیەكان كردار ئەكەن پاشان دەستێ تری بەپشـت ئادەم هێنا.

نەوەكانی لە پشت ئادەم دەرهێنا فەرمووی ئەمانەشم بۆ دۆزەخ دروست كردووە وە بەكرداری دۆزەخیەكان كارەكەن پیاوێـك وتی ئەی پێغەمبەر ﷺ ئیتر ئێمـە بۆكردار بكەین ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی الله عزوجل هەر بەندەیەكی دروستكردبێت بۆ بەهەشت ئەوا بەكـــاری ئەهێنێت بەكرداركردن بەكرداری بەهەشتیەكان تا لەسەر كردارێكی بەهەشتیەكان ئەمرێت و ئەچێتە بەهەشتەوە وە ئەگەر بەندەیەكیشی بۆ دۆزەخ دروستكردبێت ئەوا بەكاری ئەهێنێت بۆ كردار كردن بەكرداری دۆزەخیەكان تا لەسەر كردارێكی دۆزەخیەكان ئەمرێت وئەچێتە دۆزەخەوە .

كەواتـا كاتێ كەسـێ لەسەر كرداری ئیمان ئەمرێ وكرداری چاك ئەكات ئەوا الله وای بۆنوسیوە وە الله ویستی لەسەربوە ئەوكارە بكات تابیخاتە بەهەشتەوە وە كەسێكیش لەسەر خراپە وكوفر بمرێت ئەوا الله وای بۆنوسیوە ویستویەتی بیخاتە دۆزەخەوە ویستی الله تعالى لەبابەتی قەدەر جیاوازە لە ویستی شەرعی واتا لە قەدەردا مرۆڤ و مخلوقات هیچ شتێكیان پێ ناكرێ ئەبێت سەرەتا الله ویستی لەسەر كردنی ئەوشتە بێت پاشان الله ئەو ویستە ئەخاتە دڵی بەندەكانەوە تا ئەنجام ـی بەن بەڵام لەشەرعدا الله تعالى ویستی ڕازی بونی لەسەر ئەوەنیە بەندەكانی تاوان وسەرپێچی وكوفر ئەنجام بەن بەڵام ویستی قەدەر جیاوازە الله خۆی بیەوێ هەركەسێ بچێتە دۆزەخەوە چاوی كوێر ئەكات لەئاست هەق كوفر وئیلحاد ئەخاتە دڵیەوە تابیخاتە دۆزەخەوە وە الله خۆی ڕقی لەكوفرە بۆیەش ئەیخاتە دۆزەخەوە .

عبد الله بن الحارث بن نوفل ئەفەرمویت : ئیمام ـی عمر لە شام وتاری بۆ یاین سوپاس و ستایشی الله ـی كرد و پاشان

که گەشتە خوێندنەوەی (هەرکەسێ الله هیدایەت ی بات گومڕا نابێت وهەرکەسێکیش الله گومڕای کات هیدایەت دراوی بۆنیە) جاثلیق گەورەی گاورەکان وتی برکست برکست. ئیمام عمر فەرموی وتی ئەو دوژمنەی الله ئەڵێت چی؟ وتیان ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەڵێت الله نەهیدایەت کەس ئەیات نە کەسیش گومڕا ئەکات ئیمام عمر: فەرمووی درۆت کرد ئەی دووژمن ی الله بەڵکو الله دروستی کردوی وەگومڕات ئەکات وە ئەشتخاتە دۆزەخەوە ئەگەر ویستی لێ بێت وەئەگەر پەیمان لە نێوانمان نەبایە لە گەردنم ئەیایت . [الابانه من اصول الديانه]

خودی تاوانەکە بەقەدەر لەسەرت نوسراوە

دروست نیە هەرکەسێ تاوان بکات بیشەرعێنێت بەوەی بیداتە پاڵ قەدەرەوە ئەگەرچی تاوانەکە بەقەدەر بۆت نوسراوە بەڵام لەشەرع دا تاوانباریت نابێت بێ تاوانی خۆت بەبیانوی قەدەر دەربڕی

رسول الله ﷺ دەفەرموێت : ئادەم و موسا قسەیان کرد موسا فەرمووی ئەی ئادەم تۆ باوکی ئێمەی بوی بە هۆکاری دەرکردنمان لە بەهەشت ئادەم فەرمووی : تۆ موسای کە الله هەڵی بژاردوی بەکەلام ی خۆی وە تەوراتی بەدەستی خۆی بۆت نوسیوە ئایا لۆمەمدەکەی لەسەر کارێ کە الله لەسەری نوسیوم پێش ئەوەی دروستم بکات بەچل ساڵ ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بەڵگەی ئادەم بردیەوە لە موسا و بەڵگەکەی ئادەم بردیەوە لەموسا . [ئەم فەرموودەش بەیەکدەنگی سەلەف قبوڵکراو ویشت بەستراو صەحیحە] کەواتا تاوانەکەی ئادەم بەقەدەر نوسراوە بەڵام بەڵگە هێناوەکەی ئادەم یش بەقەدەر دوای ئەوە دێت کە تەوبەی لە تاوانەکەی کرد نەک بەڵگە هێنانەوە بەقەدەر بکاتە هۆی ڕێگەدان بەخۆی بەتاوان چونکە قەدەر شتێکی شاراوەیە کەس نازانێت لە قەدەردا چی بۆ نوسراوە بۆیە نابێت خۆی هەنگاو بنێت بۆکاری خراپە و ڕێگەبەخۆی بات بەخراپە کردن بەبیانوی قەدەر چونکە ئەوە کاری موشریکەکان بوو شیرکەکەی خۆیان ئەشەرعاند بەبیانوی ئەوەی لە قەدەردا بۆیان نوسراوە و الله ویستی لێیەتی شیرک بکەن

قال تعالى: {سيقول الذين أشركوا لو شاء الله ما أشركنا ولا آباؤنا ولا حرمنا من شيء كذلك كذب الذين من قبلهم حتى ذاقوا بأسنا قل هل عندكم من علم فتخرجوه لنا إن تتبعون إلا الظن وإن أنتم إلا تخرصون} [الأنعام : 148] ئەوکەسانەی هاوەڵیان بۆ الله دانا، بێگۆمان بۆخۆ ڕزگارکردنی خۆیان دەڵێن ئەگەر الله ویستبای کەخۆمان و، باوو باپیرانمان هاوبەشی بۆ دانەنێین، قەت هاوبەشمان بۆ دا نەدەنا و هیچ شتێکیشمان لە خۆمان حەرام نەدەکرد ئەوانەیش لە پێشیانەوە بوون هەر ئاوا وەکو ئەمانە باوەڕیان بە پێغەمبەران نەهێناو، کەوتنە درۆو دەلەسە هەڵبەستن و، بەدرۆیان خستنەوە هەتا سزاو تورەیی ئێمەیان بۆهات و چەشتیان پێیان بڵێ: ئەگەر بەڵگەیەکی زانستیان لایە بۆ ڕاستیی بۆچوونەکانیان بۆمانی دەربخەن ؟ دیارە ئێوە تەنها دوای گومان و سەر لێشێواوی دەکەون وە هەر لەخۆتانەوە قسەئەکەن و درۆ دەکەن، ئەگینە هیچ بەڵگەیەکتان لانیە . (کەواتا بەڵگەهێنانەوە بۆڕێگەدان بەنەفست بۆکوفر وشیرک دینی موشریکانە)

١- الله زانستی بەهەموو شتێک هەیە ئەوەی ڕوویداوە وئەوەی ڕووی نەداوە ئەوەشی ڕوویدات چۆن دەبێت وچی ئەبێت قال تعالى { هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ } [الحشر : ٢٢] الله ئەو زاتەیە هیچ پەرستراوێ نیە بەهەق جگە لەخۆی زانایە بەهەموو شتە پەنهانیەکان ودیارەکان .

٢- الله تعالى قەدەری هەمووشتێکی نوسیوە هەرشتێ ڕوودەدات تاقیامەت هەمووی نوسیوە ئیمام ی البخاري لە عمران بن حصين رضي الله عنه گێڕاویەتیەوە پێغەمبەر ﷺ : فەرموویەتی الله تعالى هەبوو هیچ شتێ لە غەیری خۆی نەبوو وە عەرشەکەی لەسەر ئاوە وە لە لوح المحفوظ هەموو شتێکی نوسیوە وە ئاسمانەکان و زەوی دروست کرد. لە سنن الترمذي لە عبادة بن الصامت رضي الله عنه لە پێغەمبەر ﷺ کەفەرموویەتی : یەکەم شت کە الله دروستی کرد پێنوس بوو بەپێنوسی فەرموو بنوسە وتی چی بنوسم پەروەردگارم فەرمووی قەدەری هەمووشتێ بنوسە تاهاتنی قیامەت.

٣- ویستی الله واتا هیچ شتێ لە ئاسمانەکان وزەوی لە باشە و خراپە و مردن وژیان و چونە بەهەشت و دۆزەخ روونایات ئیلا الله تعالی ویستی لەسەرە کەرووبـات الله دەفەرموێت : { وَمَا تَشَاءُونَ إِلَّا أَن يَشَاءَ اللَّهُ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا } [الانسان : ٣٠] وە هیچ شتێک لەم شتانە ئارەزوو ناکەن، مەگەر کاتێ ویستی الله ی لەسەر بێت. واتە: ئەگەر الله ویستی لێ نەبێت ئێوەش ناتوانن ویستان لەوشتە ببێت بەڕاستی الله زۆر زانایە، ئەزانێ کێ چی هەڵدەگرێ و، شایستەی چییە.

لە صحيح ی مسلم لە عبد الله بن عمرو بن العاص رضي الله عنهما بیستم لە رسول الله صلى الله عليه وسلم ئەیفەرموو : دڵی هەموو نەوەکـان ی ئادەم لەنێوان دووپەنجەیە لەپەنجەکان ی الله چۆنی بوێت بەوشێوە هەڵی ئەسوڕێنێت.

الله تعالی ئەفەرموێت لەسەر زاری پێغەمبەر موسا کە موسـا فەرمووی : { إِنْ هِيَ إِلَّا فِتْنَتُكَ تُضِلُّ بِهَا مَنْ تَشَاءُ وَتَهْدِي مَنْ تَشَاءُ } [الأعراف: ١٥٥] پەروەردگارم دیارە ئەو ڕووداوە هەر تاقییکردنەوەی خۆتە بۆ هەموومان هەر ویستی خۆتە هەر کەسێکی پێگومڕا بکەیت و، هەر کەسێکیش شارەزاو ڕێنما بکەیت نُوحُ عَلَيْهِ السَّلَامُ فەرمووی : { وَلَا يَنْفَعُكُمْ نُصْحِي إِنْ أَرَدْتُ أَنْ أَنْصَحَ لَكُمْ إِنْ كَانَ اللَّهُ يُرِيدُ أَنْ يُغْوِيَكُمْ هُوَ رَبُّكُمْ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ } [هود: ٣٤] خۆ ئەگەر الله بییەوێ گومڕاشتان بکاو ڕێتان لێتێک بدا، ئیتر من هەرچەند ئامۆژگارییتان بکەم بۆ سوودو کەڵکی ئێوە، سوودو کەڵکی نابێ بۆتان، چونکە الله خۆی دەیەوێ گومڕابن، دیارە کە ئیتر هەرگیز ناتوانن لە ئیرادەی ئەو دەرچن هەر ئەویشە پەروەردگارتان و هەر بۆلای خۆیشی دەچنەوەو، حیساب و لێکۆڵینەوەتان لەگەڵدەکات .

وقال تعالى { وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً } پەردەمان بەسەر دڵیاندا کێشاوە (أَنْ يَفْقَهُوهُ) بۆ ئەوە لێت تێنەگەن وقال تعالى { وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ ۖ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا يُنْصَرُونَ } [القصص : ٤١] کـــردمانن بەپێشەوایانێ خەڵکی بۆ دۆزەخ بانگ بکەن وە لە قیامەتیش ڕزگارنابن .(کەواتـا هەمووشتێ بەویستی الله یە لەوانەیە بپرسیت)

جیاوازی عەقیدەی ئەهلی سونەت و جەبریەکان چیە؟

جەبریەکان ئەڵێن الله بەندەکان ناچاردەکات لەکردنی هەرکارێ باش بێت یان خراپ بەڵام ئەهلی سونەت دەڵێن ئەو وشەی ناچارکردنە بیدعەیە چونکـە وشەی ناچارکردن لە قورئان وسونەت نەهاتوە وەناچارکردن بۆشتێ بەکاردێت بە زۆر کارێ بەکەسێ بکەیت بەبێ ئەوەی ئەو کەسە حەزی لە کردنی ئەوکارە بێت بەڵام ئەهلی سونەت ئەفەرموون الله تعالی بۆ هەرکارێ کەویستی لێ بێت بەندەکان ئەنجامی بەن سەرەتا حەزێ لە دڵی بەندەکان دروست ئەکات بۆ کردنی ئەوکارە جا الله ویستی کردنی کارەکە ئەخاتە دڵی بەندەکەیەوە بەندەکەش بە حەزی دڵی خۆی ئەنجامی دەدات واتـا بەحەزلێکردنەوە ئەنجامی دەدات چونکە الله ئەو حەزە ئەخاتە دڵیەوە کـەواتـا ناچاری نەکرد بەڵکو الله وایـلێکرد بەحەزەوە ئەوکارە ئەنجام بات

بۆیە ئەهلی سونەت لەبڕی وشەی (جەبر) ناچارکردن وشەی (جبل) بەکارئەهێنن

پێغەمبەر ﷺ بە الاشج عبدالقيس ی فەرموو : دوو سیفەتی جوانت تێدایە الله خۆشی ئەوێت ژیری ئەقڵ و لە سەرخۆی وتی ئەی پێغەمبەری الله صلى الله عليه وسلم ئەم دووسیفەتە خۆرسکیە خۆم لە خۆما دروستمکردوە یان الله تعالی وای ڕاهێناوم ؟ فەرمووی بەڵـکو الله وای ڕاهێناوی پێی بەخشیویت فەرمووی سوپاس بۆ ئەو الله یەی لەسەر دووسیفەت منی ڕاهێناوە کە خۆێ و ڕسولەکەی ئەو دوو سیفەتەیان خۆشەوێ .

لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە ئەهلی سونەت ئەڵێن الله تعالی بەندەکان ڕائەهێنێ کە بەحەزی خۆیان کردارەکە ئەنجام بەن نەک بەناچاری (جەبر) . [صحيح أبي داود]

وە الله تعالی ستەم ی نەکردووە کاتێ هەرکەسێ گومڕا ئەکات وسەر لێشواوی ئەکات بەڵـکو حیکمەت ی الله لەوەدایە ئیمام ابن قيم ئەفەرمووێت : الله تعالى کاتێ

دەبەخشێ بە بەندەیەک و نابەخشێ بە بەندەیەک ئیلا بەحیکمەت و عەدلی خۆیەتی ئەوانەی کەسوپاسی الله ئەکەن ئەوانە ئەندازەی ئەو نیعمەتی هیدایەتە ئەزانن بۆیە سوپاسی الله ئەکەن الله تعالى لە عەدالەت و چاکەکاری خۆی لای نەداوە لە هیدایەتدانی کەسانی هیدایەت ـدراو و لەگومڕاکردنی کەسانی گومڕا و لە بەخشین بەوانەی الله پێی بەخشیون وە لە ڕێگریکردن لەوانەی پێیانی نەبەخشیوە چونکە الله تعالى کەسێ دوورناخاتەوە لە دەرگای خۆی و لەزاتی پیرۆزی خۆی دوورناخاتەوە کەشـایستەی هیدایەت وڕێز لێنان بێت بەڵکو الله تعالى ئەوانە دوورئەخاتەوە لەخۆی کەشایستەی دەرکردن و دوورخستنەوەن بۆیە حیکمەت ـی الله و سوپاسگوزاریەکی وا ئەخوازێ کەئەوو کەسانە شایستەنین نزیک بن لە الله و دووریان بخاتەوە ونەیان کات بەدۆستی خۆی . [المدارج" (1/ 147]

پلەی چوارەم لەقەدەر ئەوەیە ـ الله تعالى هەمووشتێکی دروست کردووە و بەدی هێناوە وەالله تعالى خۆی دروستکاری چاکە وخراپەیە وخۆشی چاکە وخراپەی هێناوەتەبون

الله ئەفەرموێت (إنا كل شيء خلقناه بقدر) {القمر: 49}.

ئێمە هەمووشتێکمان بەئەندازە دروست کردووە وە ئەفەرموێت (اللهُ خالق كل شيء) الزمر62 الله دروستکاری هەمووشتێکە .

لەبەرامبەر ئەهلی سونەتدا کۆمەڵانێک هەن پێیان ئەوترێ قەدەریەکان کۆمەڵی یەکەم کەسانێـک نکۆڵی لەقەدەر ئەکەن ئەڵێن الله تعالى نازانێت چی ڕوودەدات پێش وەختە تا ڕووداوەکە ڕوو دەدات لە صحيح ـی مسلم هاتوە لە ابن عمر رضي الله عنهما کاتێ پێی ڕاگەیەنرا خەڵکانێ هەن نکۆڵی قـەدەر ئەکەن فەرمووی : (اذا لقيت هؤلاء فأخبرهم أني براء منهم وأنهم برآء مني، والذي يحلف به عبد الله بن عمر (أي: يحلف بالله) لو كان لأحدهم مثل أحد ذهبا ثم أنفقه ما قبله الله منه حتى يؤمن بالقدر) ئەگەر گەشتی بەوکەسانە پێیان بڵێ من لەئەوان بەریئم وئەوانیش لەمن بەریئن وەپێیان بڵێ ابن عمر سوێند ئەخوات بەالله ئەگەر هەریەکێ لەئەوان بەئەندازەی کێوی ئوحود ئاڵتون ببەخشێت لێی وەرناگیرێت تائیمان بەقەدەر ئەهێنێت.

عبدالله بن أحمد بن حنبل دەفەرموێ بیستم لە باوکم کە پرسیاری لێکرا لەبارەی قەدەریەکانەوە فەرمووی : (إذا جحد العلم، إذا قال: إن الله عز وجل لم يكن عالمًا حتى خلق علمًا فعلِم، فجحد علم الله عز وجل، فهو كافر) ئەگەر نکۆڵی زانستی الله بکات وبڵێت الله تعالى عالم نەبوە تا علمی دروستکردووە ئینجا زانستی بەشتەکان بردووە وە نکۆڵی لەعلم ـی الله بکات ئەوا کافرە (السنة لعبدالله بن أحمد، رقم: 835).

جۆری دووەم ـی قەدەریەکان کەبەمجوسیە ناوبراون ئەڵێن الله تعالى کرداری بەندەکان دروست ناکات بەندەکان خۆیان کردارەکانی خۆیان دروست ئەکەن

جۆری سێهەم جەبریەکانن ناونراون بەجەبریەکان چونکە پێیان وایە بەندە ناچارە لەسەر کارەکان وهیچ ویست وحەزێ بۆ بەندە نیە وە بکەری هەقیقەت ـی کارەکان الله تعالى یە وە الله بەندەکان ناچار ئەکات لەسەر کوفر یان ئیمان (الملل والنحل للشهرستاني جـ 1 صـ 87).

وە لامـی ئـەوەمان دایەوە لەپلەی سێ هەمـی قەدەر کەجیاوازی جەبریەکان لەگەڵ ئەهلی سونەت چیە

والحمدلله رب العالمين

ئەپرسن بۆچی زوو شت لـەبیر ئـــەکـوێـــن ؟

ئیمام ى الشافعي رحمه الله : کەسێ بوو زۆر خێرا شتی حفظ ئەکرد وخێرا تێئەگەشت جارێک لەرێگادا پاژنە پێی ئافرەتێ ئەبینێت وهەست ئەکات حفظ ى لاوازبوە وەک پێشتر توانای حفظ ى نەماوە ئەچێت بۆلای وەکیع ى مامۆستای ئەڵێت لەبەرکردنم لاوازبووە

شكوت إلى وكيع سوء حفظي
فأرشدني إلى ترك المعاصي
وأخبرني بأن العلم نـــــور
ونور الله لا يهدى لعاصي

سکاڵام برد بۆلای وکیع لە بارەی خراپونی لەبەرکردنم ئەویش رێنمای کردم بۆ وازهێنان لەتاوان وە پێی وتم هەواڵی یامێ کە زانـست رووناکـیە وە رووناکی الله رێنمای ناکـرێ و نایەت بۆ کەسێ کەوا سەرپێچی الله بکات.

وە الله تعالى ئەفەرموێت : { **فبما نقضهم ميثاقهم لعناهم وجعلنا قلوبهم قاسية يحرفون الكلم عن مواضعه ونسوا حظا مما ذكروا به** } [المائدة : 13]

ئینجا بەهۆی پەیمان شکاندنەکەیانەوە لەرەحم ى خۆمان و، لەهەق و راستیی دوورمان خستنەوەو، دڵیانمان رەش کردو، خێریان تێدا نەما، هیچ ئامۆژگارییەکیان وەرنەدەگرت و وشەی پەیمانەکەی الله یان لەجێی خۆی گۆڕی ، بە وشەی ترو بەئارەزووی خۆیان هەقیشیان کردە ناهەق و، کەوتنە دوای هەواو ئارەزووی خۆیان و، نەیانتوانی بەباشی لەپەیمانەکە تێبگەن وکەڵک وەرگرن و بەشێکی زۆری ئەوەی ئامۆژگارییانی پێکرابوو، لەبیر خۆیانیان بردەوەو رەفتاریان پـێنەکرد.

کەواتا کارنەکردن بەعلم هۆکارە بۆ لەبیرچونەوە و لاوازبونی حفظ

ئایا لە ناو نوێژدا دەستمان لە کوێ ڕاگرین؟

ئیمام ـی ابن خزیمة (479) لە وائل بن حجر رضي الله عنه گێڕاویەتیەوە کە فەرموویەتی : نوێژم کرد لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دەستی ڕاستی خستبووە سەر دەستی چەپی لەسەر سنگی ڕایگرتبوو. (کەواتە ئەوەی بەسەحیحی هاتوە دەست ڕاگرتنە لەسەر سنگ هەنێ لە زانایان فەرموویانە هەر ڕیوایەتێکی تر هاتبێت پێچەوانەی دەستگرتن لەسەر سنگ زەعیفە و ئەسڵی نیە)

السندي لە حاشية ـی ابن ماجه دەڵێت : بەگشتی وەک ئەوەی بەسەحیحی هاتوە دەستگرتن لەناو نوێژدا سونەتە وە جێگاکەشی سەر سنگە هیچ جێگایەکی تر نیە ئەو فەرموودەیەش کە گوایە پێغەمبەر فەرموویەتی لە سونەت ئەوەیە دەست لەسەر دەست ڕاگریت لە نوێژدا لەژێر ناوکەوە زانایان کۆدەنگن لەسەر لاوازی ئەم فەرموودەیە.

لەدوای هەستانەوە لە ڕکوع دەست بگرینەوە یان دەستەکانمان شۆڕبکەینەوە؟

وەڵام // ئەوەی ثابت بوە لەپێغەمبەرەوە ﷺ لەناو نوێژدا لەکاتی وەستاندا دەستی گرتوە هیچ فەرمودەیەک نەهاتوە بڵێت لەحاڵەتێکدا دەستی بەرداوەتەوە

لە صحيح البخاري لە أبي حازم لە سهل بن سعد ـەوە هاتوە دەفەرموێت : فەرمانیان دەکرد کەپیاو لەنوێژدا دەستی ڕاستی بخاتە سەر دەستی چەپی لەناو نوێژدا .

وە ئیمام ـی النسائي بەسەنەدی سەحیح لەوائل بن حجر رضي الله عنه گێڕاویەتیەوە دەفەرموێت : پێغەمبەر ﷺ دەبینی کاتێ بەپێوە بوایە لەناو نوێژدا دەستی ڕاستی دەخستە سەر دەستی چەپی. (کەواتا ئەمە گشتگیرە بۆحاڵەتی ڕاوەستان کە پێغەمبەر ﷺ لەکاتی ڕاوەستاندا دەستەکانی گرتۆتەوە هیچ بەڵگەیەک نەهاتوە بڵێت لە پاش ڕکوع دەستی بەرداوەتەوە.

أنسٍ رَضِيَ اللهُ عَنْه دەفەرموێت : پێغەمبەر ﷺ کاتێ لەڕکوع هەڵدەستایەوە و دەیفەرموو سمع الله لمن حمده ئەوەندە ڕادەوەستا تائێمە وا گومانمان دەبرد دەمانگوت پێغەمبەر ﷺ خەیاڵی ڕۆشتوە وبیری چۆتەوە کەرکوعی بردبێ .. (جاگەر جیاوازیەک هەبوایە لە شێوازی ڕاوەستانی پێغەمبەر ﷺ لەپاش ڕکوع هاوەڵان ئەو گومانەیان نەدەبرد چونکە گەر دەستی بەردابوایەتەوە ئەوە دەیانزانی کەدەست بەردانەوەکە مانای وایە ڕکوعی بردووە وهەڵساوەتەوە بەڵام کە دووبارە دەستی گرتۆتەوە هاوەڵان والێکیان داوەتەوە کەپێغەمبەر ﷺ دووبارە الفاتحە دەخوێنێت

ئیمام ابنُ حزم رحمه الله دەفەرموێت : سونەت وایە نوێژ خوێن دەستی ڕاستی بخاتەوە سەر دەستی چەپی لەهەموو حاڵەتەکانی ڕاوەستانی لەناونوێژدا. [المحلى)) (3/29)]

وە ئەمەش بۆچونی هەندێ لەزانایانی حەنەفی بوە بڕوانە [عمدة القاري (9/22)]

وە بۆچونی بەشێ لە زانایانی شافعیش بوە قال النَّوويُّ: (فإذا اعتدَل قائمًا حطَّ يديه) ((المجموع)) (3/417)، وە بڕوانە ((الفتاوى الفقهية الكبرى)) (1/139).

بــۆ ئەو مـەرجـانە هـەواڵ وگـێڕانـەوە

لەهیچ کـەس وەرمـەگرە

ئەگەر هەواڵەکە تایبەت بێت بەدینەوە تایبەت بێت عەقیدە وئەحکامەوە ئەبێت بەم مەرجانە وەربگیرێت ئەگەر یەک خاڵ لەوخاڵانە نەبوو هەواڵەکە وەرناگیرێت ورەت ئەکرێتەوە.

ئـایا هەرکەسەو هەستا لەسەر زانایەک قسەیەک بگێڕێتەوە بڵێت من شاهێدم فڵان زانا لەبەردەم خۆمدا ئەم قسەیەی کردووە ڕاستەوخۆ هەواڵەکەی لێ وەربگرین یان بۆ وەرگرتنی هەواڵی بەتایبەت ئەگەر هەواڵەکە تایبەت بێت بەدینەوە تایبەت بێت عەقیدە وئەحکامەوە ئەبێت بەم مەرجانە وەربگیرێت ئەگەر یەک خاڵ لەو خاڵانە نەبوو هەواڵەکە وەرناگیرێت ورەت ئەکرێتەوە ئەم مەرجانەش زانایان لەبابەتی زانستی وەرگرتنی فەرموودە و قبوڵکردنی گێڕانەوەی وتەی خەڵکی ئەم مەرجانەیان داناوە .

مـــەرجـی یـەکەم

ئەو کەسەی هەواڵەکە ئەهێنێت موکەلەف بێت واتا شـێت و منداڵ نەبێت لەسەر منداڵ تەفسیلی تێدایە هەندێ فەرموویانە کاتێ هەواڵەکەی بیستوە منداڵ بوبێت دوای لە گەورەبوندا بیگێڕێتەوە لێی وەرئەگیرێت **قاضي عياض ئەفەرموێت** گێڕانەوەی منداڵ وەرناگیرێت فوراني ئەڵێت سەحیح وایە لەمنداڵ وەرئەگیرێت.

مـــەرجـی دووەم

موسڵمان بونە هەواڵ لەکافر وەرناگیرێت الرازی لە المحصول[ص: 179] ئیجماع نەقڵ ئەکات ئەفەرموێت: ئومەت یەکدەنگن ریوایەت لە کافر وەرناگیرێت .

بەڵام ئایا هەواڵ لەموسڵمان مبتدع وەرئەگیرێت ؟ زانایان ئەفەرموون ئەگەر درۆ لەمەزهەبی ئەو مبتدعە جائیز بێت ریوایەتی لێ وەرناگیرێت (بەڵام ئەگەر درۆ لە مەزهەبی مبتدعەکە حەرام بێت وە مبتدعەکە کـەسێک بێت حاڵ و کرداری ناسراوبێت وە ناسراوبێت بە ڕاستگۆی و دووربون لە کردنی تاوانەگەورەکان و زۆرێک لە تاوانە بچوکەکان ناسراوبێت بەوەی خاوەن وەرع و زوهدە بەڵام بیدعەی هەبێت)

ڕاجیاوازی هەیە لە وەرگرتنی گێڕانەوەی وتەی یەکەم ئەفەرموون بەڕەهایی لێی وەرناگیرێت چونکە بەهۆی بیدعەکەیەوە بۆتە فاسق ئەمەش وتەی **قاضي أبو منصور و أبو إسحاق الشيرازي** .

وتەی دووەم : گێڕانەوەی لێ وەرئەگیرێت ئەمەش زاهیری مەزهەبـی شافعی و ابن ابی لیلی والثوری و ابی یوسف ـە .

وتەی سێهەم : ئەگەر بانگخوازبێت بۆ بیدعە لێی وەرناگیرێت گەر بانگخوازنەبێت لێی وەرئەگیرێت **قاضي عبد الوهاب لە المخلص لە مالك گێڕاویەتیەوە** : وە ئەم بۆچۆنەش خطیب فەرموویەتی مەزهەبی احمدە وە ابن صلاح ئەم بۆچونەی داوەتە پاڵ زۆرینەی زانایان وە ماماوەندترین بۆچونە وە لەهەردوو صەحیحەکەدا زۆر لە ڕیوایەتی ئەو مبتدعانەهەیە کە بانگخوازی بیدعە نین نمونەی عمران بن حطان و داود بن الحصين و جگەلەوانیش ابن القطان لە كتاب الوهم و الإيهام ئەفەرموێت : ڕاجیاوازی لەسەر ئەومبتدعە هەیە کە بانگخوازە بۆ بیدعەکەی ئەمما بانگخواز لەلای هەموو زانایان پەککراوە.

مـــەرجـی سێیەم عـەدالەت

بریتیە لەوەی ئەوکەسە کەسێکی ناسراوبێت بە تەقوای الله و شتێکی تێدانەبێت کەسایەتی عەیبدار بکات وە کەسێک بێت ناسراوبێت کە دوورە لە هەموو تاوانێ گەورە و دوورە لە زۆر تاوانی بچوکیش وەناسراوبێت کە دوورە لە کردنی هەندێ حەڵاڵ کە بۆکەسایەتی جوان نیە وەک خواردن و خواردنەوە لەڕێگا و بان و زیادەڕەوی لە سوعبەتکردن وە دووربێت لە هاوڕێیەتی کەسانی ڕەوشت ناشرین بە جۆرێ دووربێت لە هەمووشتێ کە گومانی ئەوەی لێنەکرێت درۆبکات .

زركشي لە البحر ئەڵێت : عەدالەت مەرجە بە کۆدەنگی زانایان. (کەواتا گەر کەسەکە فاسق بێت ئەوا هەواڵی لێ وەرناگیرێت **ئیمام ـی مسلم لە صحیحەکەیدا ئیجماعی نەقل کردووە لەسەر ڕەتکردنەوەی هەواڵی فاسق ئەفەرموێت** : کەسێک نەناسراوبێت نەزانین فاسقە یان کەسێکی گوێڕایەڵـە و دوورە لە هەموو شتێکی ناشرین ئایا ڕیوایەتی وەرئەگیرێت؟ (واتا کەسەکە کەسایەتی خۆی ناسـراوە بەڵام حاڵی نازانین ئەمەیان ڕاجیاوازی لەسەرە جمـهوری زانایان ئەفەرموون)

گێڕانەوەی لێ وەرناگیرێت **ابو حەنیفە ئەڵێت** لێی وەرئەگیرێت مادام زاهیرەن فسق ـی لێ نەبینراوە .

وە **الشافعي ئەفەرموێت** : (لا يقبل ما لم تعلم العدالة) لێی وەرناگیرێت تا عەدالەتی نەزانرێ

الذهبي والمزي و جگەلەویش فەرموویـانە لێی وەرناگیرێت (چونکە ڕاستگۆی و درۆی ئەو کەسە لە ئێمەوە دیارنیە ڕاست و درۆی شاراوەیە لە ئێمە)

بـەڵام کەسێک کەسایەتیشی نەناسراوبێت ؟ (عبد الله بن عون: "لا نكتب الحديث إلا ممن كان عندنا معروفا) فەرموودەی کەس نانوسین تەنها ئەوەنەبێت کە ناسراوە لامان (بەضبط و بەعەدل)

ئیمام ـی الشافعي ئەفەرموێت : (لا نقبل خبر من جهلناه) هەواڵی ئەوکەسە قبوڵ ناکەین کەنایناسین

البیهقي ئەفەرموێت : (لا يجوز الاحتجاج بأخبار المجهولين) دروست نیە بەڵگە بهێنرێتەوە بەهەواڵی نەناسراوەکان

الذهبي ئەفەرموێت : (لا حجة فيمن ليس بمعروف العدالة، ولا انتفت عنه الجهالة) بەڵگە نیە لە گێڕانەوەی کەسێ کە بەعەدالەت نەناسراوە وە خۆشی نەناسراوی لەسەر هەڵنەگیراوە.

ابن رجب ئەفەرموێت : (ظاهر كلام الإمام أحمد أن خبر مجهول الحال لا يصح ولا يحتج به) زاهیری وتەی ئیمام احمد هەواڵ ـی نەناسراوی حاڵ دروست نیە و بەڵگەی پێ ناهێنرێتەوە.

مـــەرجـی چوارەم ضبط

واتا کەسێک بێت لەبەرکردن ـی بەهێزبێت وە هەڵەی کەم بێت گەرکەسێ بێت سەهو و هەڵەی زۆربێت گێڕانەوەی ڕەت ئەکرێتەوە بەپوختی هەرکەسێ هەڵە وسەهوی زۆربێت بەسەر لەبەرکردنیدا ئەوا گێڕانەوەی ڕەت ئەکرێتەوە .

مـــەرجـی پێنجـەم

تەدلیس نەکات لە گێڕانەوەدا جا تەدلیس لەسەنەد بکات یان لەمەتن تەدلیس لەمەتن ئەوەیە گوێگر کاتێ گوێی بۆئەگرێت وا ئەزانێت هەموو وشەکان وتەی رسول الله یە ﷺ یان وتەی

کەسێکی ترە بەڵام لە ڕاستیدا هەمووی وتەی رسول الله نیە ﷺ یان هەمووی وتەی فلان کەس نیە بەڵکو خۆی وتەی بۆزیاد کردوە جاکەسێ لەگێڕانەوەی هەواڵێ تەدلیس بکات ئەوا لێی وەرناگیرێت واتا وتەی بۆ زیادبکات.

وە تەدلیس لەسەنەد ئەوەیە ناوی شەخسەکان بگۆڕێت بۆ نمونە خۆی لە باووکی گوویێ لێ بوە بەناوێکی ترەوە ئەیلێت کە ئەمە جۆرێکە لە درۆ یان بەناوێکەوە ئەیگێڕێتەوە ئەو ناوە مەشهور نیە کەسی گوێگر وائەزانێت ئەوناوەی وتراوە کەسێکی ترە یان بەنازناو [لەقەب] ئەیگێڕێتەوە جا ئەمە تەدلیسە عەداڵەت ی کەسەکە لەکەدار ئەکات

مەرجی حەوتەم و هەشتەم سەلامەت بێت لە شازبون و لەعیلەت

[إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول الشوكاني -1/178]

کەواتا پێویست بە خۆماندووکردن ناکات هەرکەسێ بەناوی زانایەکەوە بەناوی مامۆستایەکەوە قسەیەکی کرد ئەومەرجانەی تێدانەبوو بێ دوودڵی هەواڵەکەی ڕەت بکەوە چونکە سەدان وهەزاران هەواڵ ریوایەت کردن لە ناوسەلەفدا ڕەتکراوەتەوە لەبەر نەبونی یەکێک لەومەرجانە لەوکەسەی ڕووداوێکی گێڕاوەتەوە

لەوانەشە بوترێ ئێوەی موناسڕ هەمووتان مجهول ن ئەڵێم ئێمە دین ناگۆڕین لەبەر خۆمان بەڵێ هەموو موناسڕان مەجوهلن وە هەرشتێ کە خۆمان باسی بکەین تەنها لەسەر قسەی ئێمە وەرناگیرێت بۆ نمونە من بڵێم ڕۆشتم بۆلای مامۆستا اسماعیل ئاوای پێ وتم لە کاتێکدا نە تۆماری دەنگی نە نوسراوێ مامۆستا اسماعیلم لەوبارەیەوە نەهێنا وە هیچ کەسێکی ناسراو و عەدل و ضبط شاهێدی بۆ قسەکەم نەیا لەم کاتەدا وتەکەی من وەرناگیرێت بەڵام هەرکات من وتم دەولە وا ئەڵێ لە فلان کتێب بەژمارە فلان و فلان شێخ وا ئەفەرموێت لە فلان کتێب و فلان پەڕە لەم کاتەدا من تەنها نەقڵی شتەکەم کردووە بە بەڵگەوە کەواتا

قسەکە قسەی خۆم نیە تاپێویست بکات ئەو مەرجانەم تێدابێنیت چونکە سەرچاوەی قسەکەم داناوە هەمووکەسێ ئەتوانێت بۆی بگەڕێتەوە واتاقسەکەی هی من نیە ئێمە تەنها گێڕاوەمانەتەوە.

ئەمما خودی خۆمان شتێ بڵێین لەزانایەکەوە وەهیچ بەڵگە وسەرچاوەیەکی ئەو وتەیەمان لەبەر دەست نەبێت تەنها قسەکە هی خۆمان بێت و دووکەسی تری کەسایەتی نەناسراوبێت ئەوا کەس مولزەم نیە بەوەرگرتنی قسەکەی ئێمەمانان چونکە ئەوەی لەم تۆڕانە دەعوە ئەکات کەسایەتی نەناسراوە وە نەناسراویش لە کەسایەتیدا مەرجێکی سەرەکیە بۆ وەرنەگرتنی گێڕانەوە هەواڵ ئەمە جگە لەمەرجەکانی تر کەدیارنیە ئەوکەسە مەرجەکانی تری لە واقعدا تێدایە یاخود نا بۆیە ڕەحمەتان لێ بێت وتە لەسەر هیچ زانا و شەخسێک وەرمەگرن تەنها بەگێڕانەوەی کەسێک

چونکە مەرجەکانی قبوڵکردنی گێڕانەوە لە کەسەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندانیە وە گەر کەسەکەش ناسراو بوو بەڵام وەک مەلا هەڵۆ ناسراوبێت بەدرۆ و بەفسق و بەبانگەواز بۆ بیدعە وگومڕای و بەضبط نەبون بەعداڵەت نەبون ئەمە جگە لەبابەتی مورتەد بون واتا هەتا ئەگەر پێشت موسڵمان بێت بەڵام دیسان هەواڵی لێ وەرناگیرێت لەبەر نەبونی ئەو مەرجانەی تر

بۆیە لەسەر هەر مامۆستا وزانایەک شتێ بگێڕێتەوە مادام شاهێدێکی عەدل وضبط شاهێدی بۆ وتەکەی نەیات وە خۆشی هیچ تۆمار وبەڵگەیەکی پێ نەبێت بۆسەلماندنی وتەکەی خۆی بۆیەش ئەم بابەتەم نوسی تائەهلی تەوحید ئەئەریانە واقتداکردن بەسەلەفەوە مامەڵە بکەن لەگەڵ ڕووداو پێشهاتەکان چونکە لێرەوە لەوێ ماوەی جارێ هەرکەسەو هەڵئەستێت بەدارشتنی کۆمەڵێ وتەبەناوی کەسێکی ترەوە جابۆیە بەرچاو ڕون بن لەهەرهەواڵێ وەریمەگرن بەومەرجانە نەبێت ئەمە بەشێوەی گشتی وە نمونەش وەک ئەوەی هەڵۆ کردی بەرامبەر بەمامۆستا کامەران رحمە اللە وە درۆکەشی ئاشکرا کرا ئەوەی هەڵۆ کردبوی بەشاهێد بەسەر قسەکانی هەرئەو دووکەسە هەڵۆیان بە درۆخستەوە ولله الحمد.



چۆن لەم دووئایەتە تێ بگەین؟

ئـایەتی یـەکەم

قال تعالی : **دڵنیایشبن لە هەر جێگایەکدابن، مردن پێتان دەگات، ئیتر خۆ لادان لە غەزا وجەنگ ئێوە رزگار ناکات لە مردن، جا کەوابوو بۆ چ لە جیهاد هەڵدێن و خۆ دەدزنەوە؟ ئەگەر لەناو کۆشک و قەڵای سەخت و قایمشدابن هەر دەمرن، جاکەوابوو لە جەنگ ڕا مەکەن هەر خۆشیی و چاکەیەکیان بێتە ڕێ، دەڵێن ئەمە لەالله ـوەیە خۆ ئەگەر ناخۆشیەکیان تووش بوو بە پێغەمبەر ﷺ ئەڵێن: ئەمە لەلایەن تۆوە بوو، واتە: نەهامەتی تۆیە! پێیان بڵێ: ئەی پێغەمبەر ﷺ هەموو -خێر وچاکە وهات و نەهامەتییەک هەر لە الله ـوەیە** . [النساء : ٧٨]

ئـایەتی دووەم

قال الله تعالی : **هەرخۆشیی و چاکەیەکت تووش بێت لەالله ـوەیە و هەر ناخۆشیی و خراپەیەکیشت تووش بوو لە خۆتەوەیە** [النساء : ٧٩]

ئەڵێن چۆن تێبگەین لەم دووئایەتە لەئایەتی یەکەم فەرمووی خێر وشەڕ لە الله ـ وەیە لە ئایەتی دووەم فەرمووی خێر لە الله ـ وەیە و خراپەش لە خۆتەوەیە .

لەوەڵام ئەڵێین الله کە فەرموویەتی : {**قل كل من عند الله**} واتا ئەی محمد ﷺ بەو کەسانە بڵێ کە کاتێ توشی خێر و خۆشی ئەبن ئەڵێن ئەمە لە الله ـ وە بۆمان هاتوە بەڵام کە توشی نەهامەتیەک ئەبن ئەڵێن : {**هذه من عندك**} ئەمە لە تۆوە توشمان بوە ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ خۆشی و ناخۆشی و سەرکەوتن و شکست نیعمەت و بەڵا هەمووی لەلایەن الله ـ وەیە بۆیە الله لە ڕەدی قسەکانیان فەرمووی: {**قل كل من عند الله**} ئەم ئـایەتە واتا لەڕوانگەی قەدەرەوە هەموی بە قەدەری الله یە واتا لە خێر وشەڕ ئەوەی توش دێت لەلایەن الله ـ وەیە.

ئایەتی دووەم : {**وما أصابك من سيئة فمن نفسك**} ئەو نارەحەتی و سەختیانەی توشت دێن لە خۆتەوەیە

ئیمام ی السدي ئەفەرموێت : {وما أصابك من سيئة فمن نفسك} واتـا بەهۆی تاوانی خۆتەوە

قتادة ئەفەرموێت : {وما أصابك من سيئة فمن نفسك} واتا سزای تاوانی خۆتە ئەی نەوەی ئادەم.

أبي صالح فەرموویەتی : بەهۆی تاوانی خۆتەوەیە وەمنیش ئەوقەدەرەم بۆت نوسیوە .

واتــا کاتێ توشــی بەڵا وناڕەحەتی ئەبیت هۆکارەکەی تاوانی خۆتە وە ئەو تاوانەش الله لەسەری نوسیویت وەک چۆن الله تعالى خۆی خەڵکانێکی بۆ دۆزەخ دروستکردووە وە بەکردەوەی ئەهلی دۆزەخ کردارئەکەن و دواتریش سزایان ئەیات بەهۆی ئەوکردارەی کردوویانە وە کردارەکەشیان هەر بەقەدەری الله تعالى بـوە **واتــا ئایەتی دووەم لە ڕوانگەی عەبدەکەوەیە کەخۆی بکەری تاوانەکەیە وبەلاشەی خۆی تاوانەکە ئەنجام ئەیات** کەتاوانەکەش لە ئەسـڵدا الله بۆی نوسیوە و قەدەری کردووە لەســەری هەربۆیە زانایان ئەفەرموون هەرکەسێ بڕوای بە الله و ڕۆژی دوای هەبێت نابێت گومانی لەوە هەبێت کە خێر وشەڕ بەقەزاو قەدەری الله تعالى ـوەیە قال تعالى: { **ونبلوكم بالشر والخير فتنة** } [الأنبياء:35] بەخـێر و بەشەڕ تاقـیتان ئەکەینەوە.

کەواتــا خێروشەڕ بە قەدەری الله یە وە ئەوخێرەی توشــت دەبێت ئەی مرۆڤ ئەوە بە فەزڵ ومنەت ـی الله یە کەتۆی بە شایستەی ئەوخێرە زانیوە وە هەرخراپەیەکت توشەبێت بەهۆی ئەوەیە الله تۆی بەشایستەی ئەوخراپەیە زانیوە.

شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله ئەفەرموێت : واتا ئەوەی توشت دێت لەسەرکەوتن و ڕزوق و ڕۆزی و سەلامەتی نیعمەتی الله یە ڕشتویەتی بەسەرتا ئەگەرچی بەهۆی کارەچاکەکانیشت بێت بەڵام الله یە ڕێنمای کردووی و یارمەتی داوی و کارئاسانی بۆ کردووی بۆکاری چاکە و منەتی بەسەرا کردووی بە ئیمان و لەدڵت ئیمانی ڕازاندۆتەو وە کوفر وفسق ـی لا ناشرین کردووی وەئەوەی توشتان ـدێت لەخراپە لەشکست و ترس وەک ڕۆژی ئوحود توشتان بوو ئەوا بەهۆی هەڵە و تاوانی خۆتە ئەگەرچی ئەو هەڵە و تاوانە بەقەدەر لەسەرت نوسراوە لەلایەن الله چونکە بۆکەس دروست نیە بۆ ڕەواج ـدان بە هەڵەکانی خۆی بەڵگە بەقەدەر بهێنێتەوە بەرامبەر بە الله و بەرامبەر بە مخلوقات گەر دروست بوایە بە قەدەر بیانوو بهێنرێتەوە بۆ کارە خراپەکانی خۆی ئەوە سزای ستەمکار نەئەدرا (چونکە ستەمکاریش هەربەقەدەر ستەمکارە) وەگەر دروست بێت بە قەدەر بیانو بهێنرێتەوە بۆ کاری خراپە جەنگی موشریک نەئەکرا و ئیقامەی سزا شەرعیەکان نەئەکرا وەکەس وازی نەئەهێنا لە ستەمکردن لە کەسی تر ئەمەش خراپەکاریە لەدین و دونیا .

[مجموع الفتاوى " (8/113-114)]

کەواتا ئایەتی دووەم نەفی ئەوەناکات کە قەدەری خراپ لەلایەن الله ـوە بەڵکو بۆ ئەوەیە مرۆڤ بۆ کاری خراپە و تاوانی خۆی قەدەر نەکات بەحوجەجە و بیانوو بەڵـکو ئایەتی **دووەم فێری ئەوەمان ئەکات ئەدەب لەگەڵ الله تعالى بەکاربهێنین خێر و خۆشیەکان بگەڕێینەوە بۆ فەزڵ الله و ناخۆشیەکان بگەڕێینەوە بۆ هۆکاری تاوان و هەڵەکانی خۆمـان** چونکـە دروســت نیە خراپە بدرێتە پاڵ الله چونکـە قەدەری الله تعالى خراپەی تێدانیە بەواتــای وشەکە چونکە هەموو قەدەرێکی الله خێری تێدایە وحیکمــەتی تێدایە وەنابێت شەڕ وخراپە بدرێتە پاڵ الله تعالى بەڵکو بەنسبەت مرۆڤەکان ـوە شەڕ ونەهامەتی و بەڵایە

بۆ نمـونە کوشتنی کافران شەڕە لە ڕوانگەی کافران بەڵام لە ڕوانگەی ئیمانداران خێرە وە بڕینی دەستی دز لە ڕوانگەی دزەکە کارەساتە بەسەر دەستیدا بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە خێر وحیـکمەتە وە نەخۆشـی و ئازار لە ڕوانگەی ئێمەوە شەڕ وبەڵایە بەڵام لەڕوانگەی ترەوە خێر وحیکمەتە.

بۆیـە ئیمام ـی ابن قيم ئەفەرموێت : (وأمَّا قضاءُ الرَّبِّ ذلك وتقديرُه عليه فعَدلٌ وخيرٌ وحِكْمةٌ ومصلحةٌ) قەزاو قەدەری الله تعالى هەمووی عەدل و خێر و حیکمەت و بەرژەوەندیە.

پێغەمبەر صلَّى اللهُ عليه وسلَّم لەدووعاکانیدا ئەیفەرموو : (وَالْخَيْرُ كُلُّهُ فِي يَدَيْكَ، وَالشَّرُّ لَيْسَ إِلَيْكَ) خێر وچاکە هەمووی لەدەستی تۆدایە وەشەڕیش لەتۆوە نیـە

ئیمـام ـی القُرطبيُّ ئەفەرموێت : قَولُه: ((والشَّرُّ ليس إليك))، أي: لا يُضافُ إليك مخاطَبةً ونِسبةً؛ تأدُّبًا، مع أنَّه بقضاءِ اللهِ تعالى وقَدَرِه، وخَلْقِه واختراعِه؛ كالخيرِ، كما قال اللهُ تعالى: قُلْ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ اللَّهِ، وكما قال: وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِنْ يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ [الأنعام: 17])

کە فەرمووی شەڕ لە تۆوە نیە واتا نسبەتی شەڕ نابێت بدرێتە پاڵ الله وەک ئەدەبێک لەگەڵ الله تعالى ئەگەرچی خێر وشەڕ بە قەدەری الله یە والله دروستی کردوە و دایهێناوە وەک الله

ئەفەرموێت : (**گەر الله توشی زیان ونەهامەتیەکت بکات هیچ کەسێ ناتوانێ لەسەرت لایبات تەنها الله نەبێت وەگەر توشی خێرێکت بکات ئەوا الله تعالی بەسەر هەموشتێکدا بەتوانا وبەدەسەلاتە**)

ئیمام ی النووي ئەفەرموێت برگەی:(**والشَّرُّ ليس إليك**) أبو حامدٍ له المُزَنيِّ وجگەلەویش فەرموویانە : لا يُضافُ إليك على انفرادِه، لا يُقالُ: يا خالِقَ القِرَدةِ والخنازيرِ، ويا رَبَّ الشَّرِّ، ونحوُ هذا، بەتەنها خراپە نابێت بدرێتە پاڵ الله تعالى واتا ناوترێ ئەی دروستکاری مەیمون وبەراز وە ناوترێ ئەی پەروەردگاری شەڕ وهاوشێوەی ئەمانە

وەهەندێکی تر فەرموویانە : (معناه: والشَّرُّ لا يصعَدُ إليك، إنما يصعَدُ الكَلِمُ الطَّيِّبُ والعَمَلُ الصَّالحُ) واتــاشەڕ بۆلای تۆ سەرناکەوێ تەنها وشەی باش وکاری چاک سەرەکەوێ بۆلات

وە بەشێ تر لەزانایان فەرموویانە : (والشَّرُّ ليس شَرًّا بالنسبةِ إليك؛ فإنَّك خلَقْتَه بحِكْمةٍ بالغةٍ، وإنما هو شرٌّ بالنِّسبةِ إلى المخلوقين) شەڕنیە بەنسبەت الله تعالى وە چونکە الله تعالى بەحیکمەت وکارزانی خۆی دروستی کردووە بەڵکـو شەڕە لەڕوانگەی مرۆڤەکانەوە .

بۆیە ئیمام ی القرطبي لە تەفسیرەکەیدا ئەفەرموێت : ئەمە ئەدەب جوانیە لەگەڵ الله تعالى وەک ئەدەبی پێغەمبەر ابراهيم لەگەڵ الله تعالى کەفەرمووی (**وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ**) گەر نەخۆش بکەوم الله شیفام ئەیات نەخۆش کەوتنەکەی دایە پاڵ خۆی وشیفاکەی دایە پاڵ الله تعالى لە کاتێکدا نەخۆش کەوتنەکەشی هەر بەقەدەری الله یە.

نمونەیەکی تر کە لەقورئاندا باسکراوە شێخ ناصر السَّعديُّ لە تەفسیرەکەیدا لەباسی چیرۆکی موسا و خضر عليهما السلام ئەفەرموێت : { **فإنَّ الخَضِرَ أضاف عَيبَ السَّفينةِ إلى نَفْسِه بقَولِه: فَأَرَدْتُ أَنْ أَعِيبَهَا**}

خضیر عەیبدارکردنی کەشتیەکەی دایە پاڵ خۆی کەفەرمووی ویســتم کە شتیەکە عەیبدار بکەم (کە لەڕووکەشدا عەیبدارکردنی کەشتیەکە کارێ خراپ بوو لە پێش چاوی موســا)

وأمَّا الخيرُ فأضافه إلى اللهِ تعالى لقَولِه: فَأَرَادَ رَبُّكَ أَنْ يَبْلُغَا أَشُدَّهُمَا وَيَسْتَخْرِجَا كَنْزَهُمَا رَحْمَةً مِنْ رَبِّكَ بەڵام خێری کارەکەی دایە پاڵ الله تعالى فەرمووی پەروەردگارت ویستی ئەو دووانە کاتێ گەنجینەکەیان دەستکەوێتەوە بگەنە تەمەنی بلوغ و بەهێزبوون و ئەوکاتە خەزێنەی خۆیان لەژێر دیوارەکەدا دەربێنن ئەمەش بەزەیی و میهرەبانییەک بوو لەلایەن پەروەردگارتەوە بەرامبەر بەو دوو کوڕە.

لە کاتێکدا ئەوسێ کارەی خضر کردی لەکون کردن کەشتیەکە وکوشتن منداڵەکە و چاککردنی دیوارەکە هەمووی بەقەدەر و فەرمانی الله کرد بەڵام وەک ئەدەبێک بەرامبەر الله ئەوشتانەی لە ڕووکەشدا لای موسا خراپ بوو دایە پاڵ خۆی و حیکمەتەکەشی دایە پاڵ الله

نمـونەیەکی تر قسەی جنەکانە : {**وَأَنَّا لَا نَدْرِي أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَنْ فِي الْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا**} [الجن: 10] ،

بەڕاستیی ئێمە نەماندەزانی ئایا ویستی زیانی بووە بە خەڵکی سەر زەویی بەپاراستنی ئاسمان لەوەی جنۆکەکان گوێ بگرن بۆ هەواڵەکانی ئاسمان یاخود پەروەردگاریان ویستی خێرو چاکەی بووە پێیان؟! لەکاتێکدا شەڕ وخێرەکەش هەربەویستی الله یە.

کەواتا لەقەدەری الله تعالى شەڕ نیە بەڵکو شەڕە بۆ ئەوکەسەی قەدەرەکەی لەسەر نوسراوە چونکە هیچ کارێکی الله شەڕنیە بەڵکو حیکمەت و عەدلە شەڕ لەکرداری بەندەکانە بەڵام ئەو شەڕەی لای ئێمە شەڕە ئەویش هەربەقەدەری الله تعالى یە بەبەڵگەی : (**وتؤمِنَ بالقَدَرِ خَيرِه وشَرِّهِ**) ئیمان بەقەدەر بهێنیت بەخێر وبەشەڕی بەڵام شەڕە لەڕوانگەی مەخلوقات ئەگینا خودی قەدەرەکەی الله شەڕنیە بەڵکو حیکمەتە.

بەشی کۆتایی

قیـــامەت نزیکبـۆتەوە
و خەڵکی لە بێ ئـاگاییدان

اللە تعالی لەکتێبە پیرۆزەکەیدا دەفەرموێت :
{اقْتَرَبَ لِلنَّاسِ حِسَابُهُمْ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ مُّعْرِضُونَ} [الأنبياء:1].
کاتی حیساب و لێپرسینەوەی خەڵکی نزیك بۆتەوە و ئەوانیش بێ ئاگان لەو ڕۆژە گوێیان لێ نیە.

ئیمام ی ابن كثير لە التفسير [3/172] دەفەرموێت : ئەمە ئاگادارکردنەوەی اللە عزوجل ـە لەسەر نزیکی قیامەت و خەڵکیش چەندە لێی بێ ئاگان واتا خەڵك لێی بێ ئاگان کردەوەی بۆ ناکەن وخۆیان بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە ناکەن .

قال تعالی:
{اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ} [القمر:1].
قیامەت نزیك بویەوە ومانگیش لەت بوو . ئیمامی ابن كثير لەتەفسیرەکەیدا [4/360] دەفەرموێت : اللە تعالی هەواڵی داوە بەنزیك بونەوەی قیامەت و کۆتای هاتنی دونیا ولەناوچونی.

ئیمام ی أحمد وئیمام ی مسلم لە ابن مسعودەوە گێڕاویانەتەوە کە فەرموویەتی پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : قیامەت هەڵناسێت ئیلا لەسەر خراپترینی خەڵکەکان نەبێت [رواه مسلم برقم [5243] وأحمد برقم [3548].

قال تعالی:
{اللَّهُ الَّذِي أَنزَلَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ وَالْمِيزَانَ ۗ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّ السَّاعَةَ قَرِيبٌ} [الشورى:17].
اللە ئەو زاتەیە کە نامە ئاسمانیەکانی بە هەق و ڕەوا بۆ سەرپەیامبەران دابەزاندووە، لەگەڵ تەرازووی دادگەرییدا، بۆ حوکم و بڕیار لە نێوان خەڵکدا بە دادپەروەرانە تۆ چی دەزانی؟ لەوانەیە هاتنی قیامەت نزیك بێت

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : لە نیشانەکانی قیامەت بریتیە لەکەم بونەوەی زانست و زۆربونی نەفامی ودەرکەوتنی زینـا و زۆربونی ئافرەتان و کەم بونی پیاوان تاوای لێ دێ یەك پیاو پەنجا ئافرەت بەڕێوە دەبات . [رواه البخاري برقم [79] واللفظ لە ومسلم برقم [4825] وأحمد برقم [12735] والترمذي برقم [2131].

ئیمامی الترمذي لە السنن (1980-) گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: چۆن دڵخۆشبم لە کاتێکدا فریشتەی خاوەن شەیپور دەمی خستۆتە نزیك شەیپورەوە وچاوەڕێیە اللە فەرمانی پی بکات تافووی پێدا بکات .

رسول اللە ﷺفەرموویەتی : لەکۆتای زەماندا ڕۆچون و بەردبارین لە ئاسمانەوە و شێوە گۆڕین ڕوودەدات کاتێ ئامێرەکانی مۆسیقا و ئافرەتانی سفور دەرکەوتن و ئارەق حەڵاڵ کرا .

اللە تعالی دەفەرموێت
{إِنَّهُمْ يَرَوْنَهُ بَعِيدًا. وَنَرَاهُ قَرِيبًا}
ئەوان ئەو ڕۆژە بەدوور دەبینن بەڵام ئێمە بەنزیکی ئەبینین

نـــووسەر :
مـــامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری
(حفظه الله تعالی)

ڕاجیاوازی زانایان لە بارەی تەفسیری ئایەتی { إنك لا تهدي من أحببت }.

ابن أبي حاتم لە قتادة گێڕاویەتیەوە لە ڕاقەی ئایەتی { إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ يَعْنِي } تۆناتوانیت هیدایەتی ئەوکەسە بەیت کە خۆشتەویٚ [يعنی] أَبَا طَالِبٍ واتا ابو طالب کەبەکافری مرد وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ يَعْنِي: الْعَبَّاسَ" بەڵام الله هیدایەتی هەرکەسێ ئەیات خۆی ویستی لەسەربێت واتا [العباس]

ئیمام ی الطبري ئەفەرمویێت : واتا تۆئەی محمد ﷺ ناتوانی هیدایەتی ئەوکەسە بەیت کە پێت خۆشە هیدایەت وەربگرێت بەڵام الله تعالی هیدایەتی هەرکەسێ ئەیات لە دروستکراوەکانی کە خۆی ویستی لێ بێت بەڕێنمایی کردنی بۆ ئیمان بە الله و رسولەکەی ﷺ خۆ ئـــەگەر بشگوترێ مانای ئایەتەکە ئەوەیە تۆناتوانی هیدایەتی ئەوکەسە بەیت کە لەبەر خزمایەتی خۆشت ئەوێت بەڵام الله هیدایەتی هەرکەسێ ئەیات کە خۆی ویستی لێ بێت ئەمـەش مەزهەبێکە.

ئیمام ی الفراء لە ڕاقەی هەمان ئایەت ئەفەرمویێت : خۆشویستن لێرەدا بەدوو واتادێت تۆناتوانی هیدایەتی ئەو کەسەبەیت کە **یەکەمیان** خۆشت ئەوێت لەبەر خزمایەتی **وە مانای دووەم** واتا تۆ ناتوانیت هیدایەتی ئەووکەسەبەیت کە پێت خۆشە هیدایەت بدرێت.

نحاس ئەفەرمویێت : ئەکـرێ مەبەست پێی ئەوەبێت ناتوانی هیدایەتی ئەوکەسەبەیت کە پێت خۆشە هیدایەت وەرگرێت وەئەکرێ مەبەست پێی ئەوەبێت ناتوانی هیدایەتی ئەوکەسەبەیت کە لەبەرخزمایەتی خۆشت ئەوێت.

الماوردي ئەفەرمویێت : (فيه وجهان: أحدهما: من أحببت هدايته. الثاني: من أحببته لقرابته) دوو واتای تێدایە **یەکەمیان** ناتوانی هیدایەتی ئەوەبەیت کەپێت خۆشە هیدایەت وەربگرێت **دووەم** کەلەبەرخزمایەتی خۆشت ئەوێت

ابن عباس ومجاهد وقتادة والحسن فەرموویانە : (نزلت في أبي طالب عم الرسول الله ﷺ) ئەم ئایەتە لەسەر ابو طالب مامی پێغەمبەر ﷺ دابەزی.

ئیمام ی السمعاني والبغوي ئەفەرموون : واتا ئەوەی پێت خۆشە هیدایەت وەربگرێ وە وتراویشە واتا ئەوەی خۆشتەوێ لەبەر خزمایەتی.

لێرەدا ئەم زانایانە خۆشویستنی نزیکایەتی (وەک خۆشویستنی باوک ودایک وژن وبرا و مام و باپیری) ئەگەرچی کافریش بن خۆشویستنی طەبیعی بۆ ئەم جۆرە کەسـانە بەیەکێک لە تەفسیرەکانی ئەو ئایەتە دائەنێن خۆ ئەگـەر ئەم جۆرە خۆشویستنە کوفربێت ئەوا پەنا بە الله بەشێک لە زانایان تەفسیری کوفریان بۆ ئایەتەکە کردووە و کوفریشیان داوەتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ.

بۆیە ئەبینین **زانایانی ڕاڤەکاری قورئان** **هەردوو تەفسیرەکەیان گێڕاوەتەوە بێ ئەوەی هیچ یەکێ لەو دوو تەفسیرە بەکوفر ناوببەن بەڵام وتەی دروست هەڵ ئەبژێرن لەنێوان ئەووە دوو تەفسیرە** (ئایا کامەی پەسەندە ئەمەیان بابەتێکی ترە) لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە گەر موەحیدێ باوکە کافرەکەی خۆش بویت وەک باوکایەتی دایکە کافرەکەی خۆش بوێت وەک ئەوەی کە دایکیەتی ئەمـە هەرکەس تەکفیری ئەم موەحیدە بکات ئەوا ناڕاستەوخۆ تەکفیری رسول الله ی کردووە چونکە زانایان خیلافیان هەیە کە ئەوخۆشویستنەی ئایەتەکە لە بارەی پێغەمبەر ﷺ باسی ئەکـات ئایا مەبەست خۆشویستنی هیدایەتە یان خۆشویستنە لەبەر خزمایەتی و نزیکایەتی .

کەوابـوو گەرخۆشویستنی خزمایەتی بە کوفر و ڕیدە بزانیت ئەوا تەکفیرکردنت بەشێوەی خیلافی داوەتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ وە ئەو زانایانەی ئەفەرموون مەبەست لە ئایەتەکە خۆشویستنە لە بەر خزمایەتی فەرموویانە پێغەمبەر هیدایەتی هەموو خەڵکی سەر زەوی پێ خۆش بوە نەک تەنها هیدایەتی مامی پێ خۆش بێت ئەفەرموون کەواتـا ئایەتەکە مەبەست پێی خۆشویستنە لەبەر نزیکایەتی نەک پێخۆش بونی هیدایەتی مامی چونکە رسول الله هیدایەت وەرگرتنی هەمووخەڵکی پێخۆش بوە .

وە بەڵگەیەکی تری ئەم زانایانە لەسەر جائیزبونی خۆشویستن

لە بەرنزیکایەتی حەلاڵ بونی زەواجە لەگەڵ ئافرەتە مووشریـکەکانی ئەهلی کیتاب

وە الله خۆی لە قورئاندا فەرموویەتی لە بارەی ژن ومێردەوە: (**خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً**) [الروم/ 21] لە نیشانەکانی بوون و دەسەڵاتیی الله تعالی ئەوەیە کە: لە جنسی خۆتان، واتە: لە ڕەگەزی ئادەمزاد هاوسەری بۆ دروستکردن تا لە پاڵیاندا بحەسێنەوە و خۆشەویستیی و میهرەبانیشی خستۆتە نێوانتان بێگومان ئا لەوەدا گەلێ بە لگەو نیشانە هەیە بۆ کەسانێ بە وردی تێفکرێن و، بەجوانی بیری لێبکەنەوە.

جائەگەر خۆشویستنی نزیکایەتی کوفربێت لەهەموو ڕوویەکەوە چۆن الله تعالی پێکهێنانی هاوسەرگیری لەنێوان موسڵمان وموشریکێ حەلاڵ ئەکات لەکاتێکدا خۆی فەرموویەتی خۆشەویستیم خستۆتە نێوان ژن ومێردەوە چونکـە ناکرێ پیاوێکی موسڵمان لەگەڵ ئافرەتێکی کتابی زواج بکەن وپێکەوە بژین بەخۆشی وژیانی هاوسەرگیری بەسەربەرن بەبێ خۆشویستنی طبیعی لەنێوانیان یەکتری

پوخـــتەی مەبەست لێرەدا ئەوەیە هەرکـەسێ تەکفیری موەحیـدێک بکات لەبەرئەوەی خۆشـویستنی طبیعی (خزمایەتی . نزیکایەتی) هەیە بۆدایکی یان باوکی واتا خۆشویستنەکە لەسنوری سروشتی مرۆڤەکەدایە واتا لەدەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤەکەیە خۆشی ئەوێ وەک دایک خۆشی ئەوێ وەک باوک ئەمـ جۆرە زانایان خیلافیان هەیە ئایا حەڵالە یان حەرامـە بەڵام کـوفرنیە بەڵام خۆشویستنی کەسانی بێگانە لەکافران ئەمەیان ئەچێتە ناو وەلائـ بۆکافران چونکە خۆشویستنی بێگانە مرۆڤ خۆی هەوڵی بۆئەدات ولەطەبع ی مرۆڤەکە نیە وشتێکت نیە لەدەرەوەی دەسەڵاتی خۆیدا بێت بەڵام خۆشویستنی طەبیعی بۆبۆ نەسەب وبۆنزیکەکانی ئەمە خۆشویستنێکی خوێنیە ولەطەبع ی مرۆڤدایە لەلای بەشـێک لەزانایان دروستـە ولەلای هەندێکی تریان حەرامـە وە لەسەر بابەتێ کەلەلای تۆحەرامە بۆت نیە موەحیدێک تەکـفیربکەیت ولەئیسلام دەری بکەیت چونکە گەر پێشت حەرامە ئەوا کوفرنیە وەتەکفیرکردنیش بەشتێ کەکوفری اکبر نەبێت مەزهەبی ئەهلی سونەت نیە.

ئەو گروپانەی

شـەڕیـان لـە دژ دەکـــرێت

فەرمانمان پێکراوە بەم شمشێرە لەگەردنی هەرکەسێ بەین کەلەم قورئانە لائەیات.

پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت : لەئێوە کەسانێ هەن ئەجەنگن لە دژی ئەوانەی تەئویلی قورئان ئەکەن وەک چۆن جەنگان دژی ئەوانەی باوەڕیان بە دابەزینی قورئان نەهێنا . [النسائي ((السنن الكبرى)) (8541)، وأحمد (11289)]

جەنگ لە شەرعدا دژی ئەم کۆمەڵانە ئەکرێت

١- کافران :- تا ئەوکاتەی ملکەچ ی موسڵمان بون ئەبن یان تا جزیە ئەیەن و یان تا ئەبن بە ئەهلی سوڵح و عەهد لەگەڵ موسڵمانان قال تعالى : { قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّىٰ يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ } [التوبة : ٢٩]

٢- مورتەدان :- ئەوانەی پێشتر موسڵمان بونە دواتر بەهۆی گوفتارێکەوە یان بیروباوەڕێکەوە یان کردارێکەوە لە ئیسلام دەرئەچن وەک وازهێنان لە ئیسلام بۆ دینی عەلمانی و نەصڕانی یان شەریکدانان بۆ الله یان ڕق لێ بونەوەیان لە حوکمێکی الله یان سەرخستنی کوفر بەسەر ئیسلام هتد ئەم کۆمەڵانە جەنگیان لەدژ ئەکرێت تا ئەوکاتەی دەست بەرداری کوفرەکەیان

ئەبن پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی (من بدل دینه فقتلوه [البخاري3017] هەرکەسێ دینەکەی گۆڕی بیکوژن .

٣- جەنگکردن دژی ئەو کۆمەڵانەی کە خۆیان بە موسڵمان دائەنێن بەڵام بەزەبری هێز ڕێگری ئەکەن لەجێ بەجێکردنی حوکمێکی ئیسلام :- بۆ نمونە تەنها ڕێگری بکەن لە ئەنجامدانی حوکمی زەکات یان ڕۆژوو یان حەج یان ڕێگری بکەن لە قەدەغەکردنی ئارەق و قومار وزینا ... هتد ئەم کۆمەڵە شەڕیان لەدژ ئەکرێت تا تەسلیم ی حوکمی الله ئەبەن بەڵگەش ئەوەیە هەموو هاوەڵان شەڕیان دژی زەکات نەدەرەکان کرد وە ئەوشەڕە ناونرا بەشەڕکردن دژی مورتەدان (**زانایان ڕاجیاوازن لەسەر تەکفیرکردنی ئەم کۆمەڵەیە بەڵام ابن تیمیە فەرموویەتی بۆچونی پەسەند لەلای زانایانی ئەهلی تەحقیق ئەم کۆمەڵە بەدەرچوو لە ئیسلام دائەنرێن**)

٤- شەڕکردن دژی خەواریج و ئەو کۆمەڵانەی لەپێناو سەرخستنی بیدعەکەیان ئەجەنگێن :- ئەمەش بەڵگە لەسەری ئەوفەرموودەیەیە کەلەسەرەوە هێنامان کە جەنگکردنە دژی ئەوانەی بڕوایان بە قورئان هەیە بەڵام ماناکانی قورئان ئەگۆڕن وە **ئیمام ی علی جەنگی دژی خەواریجەکان کرد بەهۆی ئەوەی ماناکانی قورئانیان ئەگۆڕی و بیدعەیان هێنایە ناو دینەوە** (شەڕکردن دژی ئەمانە شەڕکردنە دژی موسڵمانە بیدعەچیەکان شەڕ ومامەڵەی کافریان لەگەڵ ناکرێت).

٥- جەنگکردن دژی ئەوموسڵمانانەی لەسەرکردەیەکی موسڵمانی داد پەروەر دەرئەچن و ملکەچ نابن بێنە ژێر فەرمانی سەرکردەی موسڵمانان :- وە هۆکاری دەرچونەکەیان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێیان وایە خۆیان لەسەر هەق ن وە مەرج نیە ئەم دەرچوانە هەڵگری بیدعەی خەوارج بن بە ڵکوجاری واهەیە لەبەر بابەتێکی دوونیایی یان تەئویلێک ناچنە ژێر فەرمانی سەرکردەی موسڵمانان وەلەهەمان کاتدا خاوەن هێزن و یەکڕیزی موسڵمانان ناپارێزن ئەم کۆمەڵەیە پێیان ئەوترێ (**البغاة**) الله تعالی لە قورئاندا ڕوونیکردۆتەوە کەجەنگ بکرێت دژی ئەم بوغاتانە تا ئەگەڕێنەوە بۆ حوکمی الله کە بریتیە لەچونە ژێر فەرمانی گەورەی موسڵمانان.

قال الله تعالی : { **وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا ۖ فَإِن بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الْأُخْرَىٰ فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّىٰ تَفِيءَ إِلَىٰ أَمْرِ اللَّهِ ۚ فَإِن فَاءَتْ فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا بِالْعَدْلِ وَأَقْسِطُوا ۖ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ** } [الحجرات : ٩]

ئەگەر دوو دەستە لە باوەڕداران پێکەوە بە جەنگ هاتن جا هەرچی تواناتان هەیە بەکاری بێنن و ئاشتیان بکەنەوەو بانگیان بکەن بۆلای بڕیارەکانی الله جا ئەگەر دەستەیەکیان دەست درێژیی کردە سەر دەستەکەی تر، واتە: ملی ڕانەکێشا بۆ ئاشتیی و یەککەوتن ئەوا ئێوەش لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیاندا بجەنگێن دژی ئەوانەی دەرچوونە ودەست درێژکارن تا ناچار دەبێ و دەگەڕێتەوە بۆ بڕیارو حوکمی الله ئینجا ئەگەر کۆمەڵە ستەمکارەکە گەڕایەوە بۆ حوکمی الله جا ئێوەیش بە ئینصاف ناوبژییان بکەن وە دادپەروەر بن و بەلای هیچ کەسێکیاندا دامەبڕن چونکە بێگومان الله دادپەروەرانی خۆش دەوێ .

(ئەم کۆمەڵەش دیسان موسڵمانن شەڕکردن دژیان بۆ ڕێگریکردنە لە دووبەرەکی و ڕێگریکردنە لەدەست درێژکاری بوغاتەکان)

٦- جەنگکردن دژی چەتەو ڕێگرەکان :- شیخ الإسلام ابن تیمیة ئەفەرموێت موسڵمانان تێکڕا یەکدەنگن لەسەر شەرعی بونی جەنگکردن دژی چەتەکان وەک لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتوە هەرکەسێ لە پێناو بەرگری لەماڵەکەی بکوژرێت ئەوا شەهیدە ئەگەر گەورەی موسڵمانان یان نوێنەرەکەی داوای جێ بەجێکردنی سزای شەرعی لەوچەتانە بکات بەڵام ئەوان ملکەچ نەبن بۆسزای شەرع واجبە لەسەر موسڵمانان شەڕیان لەدژ بکەن بەیەکدەنگی زانایان ..

موسڵمانان تێکرا یەکدەنگن لەسەر شەرعی بونی جەنگکردن دژی چەتەکان وەک لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتوە هەرکەسێ لەپێناو بەرگری لەماڵەکەی بکوژرێت ئەوا شەهیدە.

وە ئەفەرموێت : (إذا طلبهم السلطان أو نوابه لإقامة الحد فامتنعوا عليه فإنه يجب على المسلمين قتالهم باتفاق العلماء) ئەگەر گەورەی موسڵمانان یان نوێنەرەکەی داوای جێ بەجێکردنی سزای شەرعی لەو چەتانە بکات بەڵام ئەوان ملکەچ نەبن بۆ سزای شەرع واجبە لەسەر موسڵمانان شەڕیان لەدژ بکەن بەیەکدەنگی زانایان .

بەڵگەش وتەی الله تعالی یە : { **إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الْأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَافٍ أَوْ يُنفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ۚ ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا ۖ وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ** } [المائدة : ٣٣]

بێگومان تۆڵە وسزای کاری خراپی ئەوانەی دژایەتی لەگەڵ الله پێغەمبەرەکەی ئەکەن و وە بەردەوامیش لە زەویدا هەوڵی ئەفەسادی و کاری گەندەڵی و خراپە کاری دەدەن و، ڕێ لە خەڵکیش دەگرن، تۆڵەیان ئەوەیە کە: ئەوانەیان خەڵکیان کوشتووە، دەبێ بە توندیی و بێ بەزەییانە بکوژرێن ئەوانەشیان خەڵک دەکوژن و سامانیشیان دەبەن، دەبێ هەڵواسرێن و لەدار بدرێن ئەوانەشیان تەنها سامانی خەڵک بە تاڵان دەبەن، دەبێ یان دەست و پێیان ڕاست و چەپ ببردرێ یان شار بەدەر بکرێن، لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر وەیان زیندانی بکرێن، ئەگەر تەنها خەڵکیان دەترسان، واتە: نە کەسیان دەکوشت و نە داراییشیان دەبرد لە دنیادا ئەوە ریسوایی و سەرشۆڕییە بۆیان و لە دواڕۆژیشدا سزایەکی گەورەیان بۆ هەیە.

(ئەم کۆمەڵەیەش بەپێی حاڵیان حوکمیان ئەگۆڕێت گەر موسڵمان و باوەڕداربوون بەڵام ڕێگر و دز وچەتەبوون وە نەتوانرا حوکمی شەرعیان لەسەر بچەسپێ تەنها بە جەنگکردن و کوشتاریان نەبێت ئەوا ئەکوژرێن بەڵام بە کافردانانرێن کاتێ بە کافر دائەنرێن کە موسڵمان نەبن و دژی الله ورسولەکەی صلى الله عليه و سلم بجەنگن)

الحمدلله رب العالمين

”دڵخۆشبون بەوەی بەسەر ئەهلی بیدەع و گومڕایی دێت لە بەڵا و موسیبەت و مردنیان“

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی کاتێ بەندەیەکی ئیماندار ئەمرێت لە سەختی وناڕەحەتیەکانی دوونیا ڕزگاری ئەبێت ئەچێت بۆلای ڕەحمەتی الله بەڵام کاتێ بەندەیەکی خراپکار ئەمرێت ئەوا بەندەکان وشارودێهاتەکان ودار وئاژەڵەکان ڕزگاریان لێی ئەبێت وئەحەسێنەوە.[صحيح البخاري 6512]

کەواتا دڵخۆشبون بەمردنی خراپەکاران کەئەهلی بیدەع خراپترین چونکە بەناوی الله ودینی الله وە حەرامەکان حەڵاڵ ئەکەن و خراپەکار ئەکەن بەباش و چاکەکاران بەخراپەکار وەسف ئەکەن و طاغوتان ئەکەن بەئیماندار وە ئیمانداران ئەکەن بەخەواریج وخوێنیان حەڵاڵ ئەکەن دژی ئیمانداران ئەوەستنەوە بەڵام پشتی ئەهلی شیرک وئیلحاد ئەگرن هەمووی بەناوی دینی الله وە ودینی الله ئەگۆڕن وئەیشوێنین و خەڵکی بۆدۆزەخ بانگ ئەکەن بەناوی دینەوە بۆیە دڵخۆش بون بەلەناوچونیان واتای ڕزگاربونی ئیسلام وموسڵمانانە لەشەڕ فیتنە و بیدعەیان بۆیە زانایان فەرموویانە کەسانی ئەهلی بیدع ئەبێت بکوژرێن ودڵخۆش بین بەلەناوچونیان

ئیمامی ابن عبد البر رحمه الله لە ”التمهيد“(4/ 238) گێڕاویەتیەوە لە ئیمامی مالک فەرموویەتی : ئیمامی مالک پێی وابوو ئیباضی وقەدەریەکان داوای تەوبەیان لێ بکرێت ئەگەر تەوبەنەکەن بکوژرێن ئەمە باسکراوە لە اسماعيل القاضي لەابی ثابت لەابن قاسم وتویەتی وتم بەابی ثابت ئەمە بۆچونی مالکە تەنها لەسەر ئەو دووکۆمەڵە ؟ فەرمووی بەڵکو لەسەرهەموو بیدعەچیەکان قاضی فەرموویەتی مالک بۆیە وای فەرمووە چونکە فەسادی ئەهلی بیدە گەورەترە لەفەسادی محاربەکان چونکە فەسادی لەدین گەورەترە لەفەسادی لەماڵ

ئیمامی الخلال لە کتاب السنة بەژمارە1769 گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی : وترا بەباوکی عبدالله (احمد بن حنبل) کەسێک دڵخۆشەبێت بەوەی بەسەر هاوەڵانی ابن ابی دۆاد دێت ئایا بەم دڵخۆش بونە تاوانبارەبێت ؟ ئیمام احمد لەوەڵامدا فەرمووی بۆکەس هەیە بەوە دڵخۆش نەبێت ؟!

مردنی عبدالمجید سەرەگەورەی ئیرجاء لە سیر أعلام النبلاء 9 / 435 هاتووە سلمەی کوڕی شیب ئەفەرموێت لەلای عبدالرزاق بووم هەواڵی مردنی عبدالمجيد (بن عبدالعزيز بن ابی رواد) گەیشت پێمان لەساڵی 206 عبدالرزاق وتی : سوپاس بۆ الله تعالی کەئومەتی محمدی حەساندەوە بەمردنی عبدالمجيد

کاتێ مردنی وهب بن وهب بن کثیر القرشی گەیشت بەئیمام عبدالرحمن ی کوڕی مهدی فەرمووی : سوپاس بۆالله کەموسڵمانانی حەساندەوە بەمردنی [لسان الميزان 8/ 402]

شيخ الإسلام له الفتاوى: (20/ 394 - 395) ئەفەرموێت : کۆدەنگی هاوەڵان چەسپاوە لەسەر جەنگکردن دژیان (خەواریج) وە ئەمیری باوەڕداران علی کوڕی ابی طالب ڕەزای اللهـی لێ بێت جەنگا دژیان وە ڕێبازی رسول اللهـی صلی الله علیه وسلم لەسەریان پەیڕەو کرد کەشەڕکردنە لەدژیان و دڵخۆش بوونە بەکوشتنیان و سوجدەی سوپاسگوزاری بۆالله برد لەسەر کوشتنیان)

عبد الرزاق لە معمر لە ابن طاووس لەباوکیەوە کاتێ هەواڵی مردنی حەجاجی پێدرا ئەم ئایەتەی خوێندەوە (فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُوا وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) ئینجا ئەوانەی کە ناهەقیی و ستەم پیشەیان بوو دوا بڕاوکران سوپاس و ستایشی بێ پایانیش بۆاللهـی پەروەردگاری جیهانەکان.

بدر الدين العيني رحمه الله ئەفەرموێت : ئەگەر بوترێ چۆن دروستە باسی خراپەی مردوو بکرێت کەفەرمودەی سەحیح هاتوە لەزیدی کوڕی ارقم لەبارەی نەهی کردن لەجنێودان بەمردووان وباسنەکردنیان ئیلا بەخێر نەبێت ؟ لەوەڵامدا ئەڵێم ئەو نەهییەی لەبارەی جنێونەدان بەمردو هاتوە کەسی منافق وکافر و ئەوانەی بەئاشکرا تاوان ئەکەن یان بیدعە ئەکەن ئەوانە ناگرێتەوە چونکە ئەوانە باسکردنیان بەخراپە بۆئەوەیە خەڵکی شوێنیان نەکەوێت . [عمدة القاري (8/195)]

قەسابخانەی سپایکەرولە ناوبردنی بەنی قریظه

پێغەمبەری ڕەحمەت و نێردراو بەشمشێر صلى الله عليه وسلم لەیەک ڕۆژدا سەدان کەسی لە موشریکان کوشت و ئافرەت و منداڵەکانیش کران بە کۆیلە هۆکارەکەش ئەوەبوو جولەکەکانی بەنی قریظه ناپاکیان لەو ڕێکەوتنە کرد کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەگەڵیان ڕێکەوتبوو هاوکاری کافرانیان کرد بۆ زاڵبونی کافران بەسەر مەدینە بهێنە پێش چاوی

بیهێنە پێش چاوی خۆت ئێستا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم زیندوویێت هەمان کار دووبارە بکاتەوە ؟ ئایا پێی ناڵێن گەورە تیرۆرست و هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی دروست ناکرێت بۆلێدان ولەناوبردنی ؟؟!

ڕووداوەکەش بەم جۆرەیە

کاتێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەجەنگی خەندەق لێ بویەوە و گەڕایەوە وچەکی دانا جبریل هات بۆ لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وفەرمووی : (**قَدْ وَضَعْتَ السِّلاَحَ؟ وَاللَّهِ مَا وَضَعْنَاهُ، فَاخْرُجْ إِلَيْهِمْ قَالَ: فَإِلَى أَيْنَ؟ قَالَ: هَا هُنَا، وَأَشَارَ إِلَى بَنِي قُرَيْظَةَ**) ئەوە تۆ چەکت دانا ؟ والله ئێمە دامانەناوە هێرش بەرە بۆ سەریان

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی بۆ سەرکێ ؟ جبریل ئاماژەی کرد بەرەو بەنی قریظە ئەوە بوو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەرچوو بۆیان لەگەڵ سوپای موسڵمانان دەشەو زیاتر گەمارۆی جولەکەکانی بەنی قریظەیان دا الله تعالى ترسێکی وای خستە دڵی جولەکە و گەمارۆکە هێندە توند بوو لەسەریان وتیان ئێمە خۆمان ئەیەین بەدەستەوە بەڵام باسەعدی کوڕی معاذ حوکم و بڕیار بات بەسەرمان

ئەوەبوو سەعد فەرمووی بڕیاری ئەوەیان بەسەر ئەیەم جەنگاوەرەکانیان بکوژرێت و ژن و منداڵەکانیان بەدیل بگیرێن پێغەمبەریش صلى الله عليه وسلم فەرمووی : (لَقَدْ حَكَمْتَ فِيهِم بِحُكْمِ اللهِ عَزَّ وَجَلَّ) بەحوکم ی الله تعالى حوکمت بەسەردان [أخرجه البخاري (2813)، ومسلم (1769)]

پاشان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە مەدینە بەندی کردن و خەندەق ی بۆ هەڵکەندن و پاشان فەرمانی کرد کەوا بیان هێنن ولەلای خەندەقەکە (چاڵەکان) لە ملیان بەن کەسێ لە جولەکەکان بە کەعب ی کوڕی ئەسەدی وت ئەی کەعب ئەمانبەن چیمان لێ ئەکەن ؟

کەعب وەڵامی دایەوە وتی لەهەر باردۆخێکدا ئێوە ژیرنابن و پەند وەرناگرن ؟ ئایا نابینیت بانگ ئەکرێین و هەرکەسێکمان لێ ئەبەن ناگەڕێتەوە والله ی بۆ کوشتنە [البدايه والنهايه ابن كثير 4 (فصل في غزوة بني قريظة)]

ابن هشام لە سیرەکەیدا بەرگی 2 پەڕەی 241 ئەفەرموێت ابن اسحاق وتویەتی : ژمارەی دیلە کوژراوەکانی جولەکە **600** یان **700** کەس وە وتراوە **800** بۆ **900** کەس بووە . وە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی یابوو بەکوشتنی هەرکەسێ لە کوڕەکانیان مووی سەر عەورەتی دەرکردبوو بیکوژن هەرکەس مووی دەرنەکردبوو بیکەن بە کۆیلە.

ئیمام ی أبو داود (4404) بەسەنەدی صەحیح لە عَطِيَّةَ الْقُرَظِيِّ رضي الله عنه گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی : (كُنْتُ مِنْ سَبْيِ بَنِي قُرَيْظَةَ، فَكَانُوا يَنْظُرُونَ، فَمَنْ أَنْبَتَ الشَّعْرَ قُتِلَ، وَمَنْ لَمْ يُنْبِتْ لَمْ يُقْتَلْ، فَكُنْتُ فِيمَنْ لَمْ يُنْبِتْ) من لە کۆیلەکراوەکانی بەنی قریظە بووم هاوەڵان سەیریان ئەکرد هەرکەسێ مووی سەر عەورەتی دەرکردبایە ئەیانکوشت هەرکەسێ مووی دەرنەچوبایە نەئەکوژرا من ئەوکاتە مووم دەرنەچووبوو.

لەڕیوایەتێکی تردا هاتوە : (فَكَشَفُوا عَانَتِي، فَوَجَدُوهَا لَمْ تَنْبُتْ، فَجَعَلُونِي مِنَ السَّبْيِ) سەیری سەر عەورەتیان کردم بینیان مووی لێ دەرنەچوە منیان کرد بەکۆیلە.

هەمان ڕووداو لە مرۆدا دووبارە بکرێتەوە خەڵک چی ئەڵێت ؟ خەڵک تەنها ڕووداوەکان وەک مێژوویەک سەیرئەکەن ئەگینا گەر دووبارە کاری پێ بکرێتەوە ئەوا بەتاوان و تیرۆریستی لە قەڵەمی ئەیەن جا بۆیە بیربکەوە ئەوەی بەیەک حوکمی ئیسلام ڕازی نەبێت و قبوڵی نەبێت وپێی ناخۆش بێت ئیسلام پەیرەوبکرێت ئەوا کافرە و فڕی بە ئیسلامەوە نەماوە باشەو ڕۆژ سەری لە سوجدەیا بێت سودی پێ ناگەیەنێت.

والحمدلله رب العالمین

ئاگاداربن لە خوێندنەوە وسەیرکردنی بورجەکان

یەکەم ساحیر وفاڵچی وبورج ناسـ کە بانگەشەی زانینی شتە پەنهانیەکان ئەکەن طاغوت وکـافرن

الله تعالی فەرموویەتی : { قُل لَّا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ } [النمل: 65]، پێیان بڵێ ئەی محمد ﷺ کەس لەئاسمانەکان وزەوی غەیب نازانێت تەنها الله نەبێت . (کەواتا ئەوکەسـەی بانگەشەی زانینی داهاتوو ئەکـات یان زانینی شتە غەیبیەکانی ڕابردوو ئەوکەسە طاغوتە وئایەتی الله بەدرۆخستۆتەوە وخۆی شوبهاندوە بە الله تـعالی)

ئەگـەر کەسێکیش بڕوای وابێت فلان ساحیر یان فلان کەس غەیب ئەزانێت ئەو کەسـەش کـافرە بەئیجماعی زانایان چونکە بڕوای بەو ئایەتەی الله نەهێناوە و زانستی غەیبی بۆجگە الله اثبات کـردووە

حوکمی ئەوانەی بەدوای بورج ئەگەڕێن

گەڕان بەدوای بورجەکەی خۆت بۆئەوەی بزانیت چـی ئەڵێت بەبـێ ئەوەی بڕوات پێ هەبێت ئیمامی مسلم (2230) گێڕاویەتیەوە لە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: ئەوکەسـەی بچێت بۆلای فاڵچیەک پرسیاری شتێکـی لێ بکات چـل شەو نوێژی قەبوڵ نیە (کەواتا تەنها بەگەڕانت بۆ بورجەکەی خۆت و خوێندنەوەی چل ڕۆژ نوێژت قبوڵ نیـە واتـا

پاداشتت بۆ نیـە بەڵام ئەبێت ئەو چل ڕۆژە نوێژەکەشت بکەیت چونکـە ئەگەر نەیکەیت بەهۆی نوێژنەکـردنەوە کـافرئەبیت بەڵام ئـەگەر تەوبە بـکات بەڕاستگۆیانە ئەوا الله لێی خۆشەبێت وتەوبەکەی قبوڵ ئەبێت) .

پێغەمـبەر ﷺ فەرموویەتی : ئەوەی لەتاوان تەوبە بکات وەک ئەوە وایە تاوانی نەکـردبێت [رواه ابن ماجە (4250)] وەفەرموویـەتی : ئەوەی تەوبـەبکات الله تعالی تەوبەکەی وەرگرێت [رواه ابن ماجە (3377)] .

ئەی ئەگەر بـڕوای پێ بـکات؟

ئیمام ی أحمد (9779) وأبو داود (3904)گێڕاویانەتەوە لە پێغەمـبەر ﷺ فەرموویەتی : ئەو کەسەی بچێت بۆ لای کاهنێک وە بەڕاسـتی بخاتەوە لەوەی ئەیڵێت ئەوا کـوفری کردووە بەوەی بۆ سەر محمد ﷺ دابەزیوە.

زانایان لەم کوفـرە چەند بۆ چونێکیان هەیە

بۆچونی یـەکەم : ئەفەرموون کوفری بچوکە چونکە پێیان وایە بە ڕیوایەتێکی تر هەمان فەرموودە هاتوە ئەفەرموێت :

(هەرکەسێ بچێت بۆلای فاڵچیەک و بەڕاستی بزانێت ئەوا چل ڕۆژ نوێژی قبوڵ نیە). بۆیە هەندێ زانا فەرموویانە ئەو کوفرە کوفری بچوکە بەومەرجەی ئەوکەسەی کە لەوشتەدا بڕوای بەقسەی ساحیرەکە کردووە بڕوای وابێت تەنها الله غەیب ئەزانێت وە ئەم ساحیرە یان ئەم بورج ناسە خۆی زانا نیە بە غەیب بەڵکو ئەم قسەیەی کردوویەتی لەوقسە ڕاستانەیە کە شەیطانەکان لە ئاسمان ئەیدزن بۆیە گەر بڕوای وابوو قسەی فاڵچیەکە لەم شتەدا ڕاستە چونکە قسەی ئاسمانە و دزراوە لەلایەن شەیطانەکانەوە هێنراوە بۆ ساحیرەکە لەم حاڵەتەدا کوفری بچوکە چونکە بڕوای بەوە نیە کەسەکە خۆی زانایە بە غەیب بەڵکو پێی وایە ئەم قسەیە لە زانستی ئاسمان دزراوە.

چونکە وترا بە پێغەمبەر ﷺ: جاری واهەیە کاهنەکان قسانێک ئەڵێن ئەوقسە ڕاست دەرئەچێت پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ئەوە وشەیەکی ڕاستە جنیەکان لە ئاسمان ئەیدزن وئەیخوێنێت بەگوێی دۆستەکەیدا بەڵام وەک پێغەمبەر ئەفەرموێ ﷺ (سەد درۆی تری تێکەڵ ئەکات) . [صحيح مسلم (2228)]

کەواتا هەندێ لەزاناکان کوفری بەڕاست خستنی هەواڵی فاڵچی بە کوفری بچوک ئەزانن ئەگەر کەسەکە بڕوای وابێت تەنها الله غەیب ئەزانێت وە ئەوقسەش بۆیە بەڕاست ئەزانێت گومانی وابێ لەقسە دزراوەکانی ئاسمان بێت لەم حاڵەتە هەندێ لە زانایان کوفری ئەو فەرموودەیە بە کوفری بچوک ناو ئەبەن.

ئیمام ی ابو عبید القاسم بن سلام لەکتاب ی الایمان ئەم فەرموودەیەی هێناوەتەوە لەگەڵ فەرموودەکانی تر کەنەفی ئیمان ئەکات پاشان ئەفەرموێت : هەموو ئەوفەرموودانەی لەم بارەیەوە هاتوون باسی کوفر یان شیرکن بۆ ئەهلی قیبلە لەلای ئیمە ئەم کوفر و شیرکانەی کەلەم فەرموودانە هاتوون ناوی کوفر وشیرک بۆ خاوەنەکەی واجب ناکات وە ئەحکامی ئیسلامی پێ لاناچێت و خاوەنەکەی ناکات بە مورتەد.

لە سنن ی ترمذی بەژمارە 135 هاتوە لە أبي هريرة لە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : هەرکەس بچێتە لای خێزانی لە کاتی سوڕی مانگانە یان لە داوەوە ئەوا کوفری کردووە بەوەی بۆ سەر محمد ﷺ دابەزیوە پاشان ئەفەرموێ ئەم فەرموودە ماناکەی بۆ هەڕەشەیە لەلای زانایان چونکە ڕیوایەت کراوە لە. پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی :

هەرکەس لەکاتی سوڕی مانگانە جووت بوو ئەوا بە دیناری بکات بە صەدەقە ئەگەر هاتن بۆلای ئافرەتێ لە سوڕی مانگانەی کوفر بوایە فەرمانی پێنەئەکرد بە کەفارەت .

شێخ محمد بن علی قوتابی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب لە التوضيح عن التوحيد الخلاق لەباسی ئەم فەرموودە ئەفەرموێت: ئەبو داود وترمذی لە ابی هریرە بە مرفوعی هێناویانە کە هەرکەسێ بچێ بۆلای کاهنێک و بەڕاستی بزانێ لەوەی ئەیڵێت یان بچێتە لای ئافرەت لە کاتی سوڕی مانگانە یان لە دواوە ئەوا بەریئ بوە لەوەی دابەزیوە بۆ محمد ﷺ شێخ ئەفەرموێت : ئەم جۆرە لەم کوفرانەی باسکراوە کوفری کرداریە ئەگەرچی شەرع دانەر وشەی کوفری بۆبەکارهێناوە لەسەرئەنجامدەری ئەم تاوانە گەورەیە بەڵام بەندە لەئیمان پێی دەرناچێت و لە ئومەتی محمد ﷺ ناچێتە دەرەوە وخوێن ومالێ حەڵاڵ نابێت هەروەک چۆن کەسانێ کە جیاوازی نێوان کوفری گەورە و بچوک ناکەن واگومانیان بردووە.

ئیمام ی شەوکانی رحمە الله ئەفەرموێت : ڕووکەشی فەرموودەکە کوفری هەقیقیە وە وتراویشە کوفری مەجازیە وە وتراوە ئەوکەسەی بڕوای وابێت کەسی کاهن وفاڵچی غەیب ئەزانێت وە ئەتوانن ئەوشتانەی الله تعالی شاردوویەتیەوە ئەوان پێی بگەن ئەوا ئەوکەسە کافرە بەتەواوی وەک ئەوکەسە وایە کەبڕوای بە کاریگەری ئەستێرەکان هەیە لەبەڕێوە بردنی جیهان بەڵام ئەگەر ئەم باوەڕەی نەبو کافرنابێت .[نيل الأوطار (214/7)]

وتەی دووەم : بەهەرشێوەیەک بەڕاستی بزانێت کافر ئەبێت
الشیخ سلیمان بن عبد الله آل الشیخ -رحمە الله : ئەفەرموێت ڕووکەشی فەرموودەکە ئەوەیە هەرکاتێ بڕوای بەڕاستی کەسی کاهن کرد ئەوا کافرئەبێت جابەهەرشێوەیەک بڕوا بێنێت چونکە بڕوای هێناوە کە ئەوکەسە غەیب ئەزانێت [تيسير العزيز الحميد (ص: 350)]

ئیمام ی الصنعانی ئەفەرموێت : ئەم دەقانە هەمووی بەڵگەن لەسەر ڕەتکردنەوەی قسەی کاهن وفاڵچیەکان هەرکەسێ بەڕاستیان بخاتەوە ئەوا قورئانی بەدرۆ خستۆتەوە (**واتا کافرەبێت**) [التنوير (20/10)]

پەرستگاکانی ڕافیزەی موشریک

شکاندنی بتی مەزارگەو گومەزی سەرگۆڕەکان و تەختکردنی ئەو مزگەوتانەی لەسەر گۆڕ درووستکراون و تەقاندنەوەی جێگاشیرکیەکان ئەرکێکی شەرعیە

ئایا ئەم ڕووداوەت بیستوە ؟)
ئیمام ـی ابن کثیر ئەفەرموێت : تاشە بەردێک هەبوو لە کەناری ڕووباری قلوط (ڕووبارێکی بچوکە لە نزیک شاری دیمەشق) خەڵک سەردانیان ئەکرد و نەزریان بۆ ئەکرد و جۆرەها بیدعە و شیرکیان لەوێدا ئەنجام ئەیا شێخ ـی ئیسلام شکاندی. [البداية والنهاية 14/36]

خەڵکێکی زۆر لە بەناو موسڵمانان توشی بیدعە و شیرک بون بەهۆی ئەو تاشەبەردەوە تەنانەت ئیمام ـی نەوەوی ڕەحمەتی الله ـی لێ بێت دووعای ئەکرد و ئەیفەرموو: پەروەردگارم پیاوێک هەستێنیتەوە بۆ دینەکەت ئەو صەنەمە بشکێنێت. [الجامع لسيرة ابن تيمية 28]

الله تعالى دووعاکەی ئیمام ـی نەوەوی قبوڵ کرد شێخ ـی ئیسلام ـی بۆئەم کارە ڕەوانەکرد إبراهيم بن أحمد الغيانى ئەڵێت هەواڵ گەشت بەشێخ ـی ئیسلام ابن تیمیە کە خەڵکانێک لەوێدا جۆرەها شیرک و بیدعە ئەکەن شێخ بڕیاری یا وهەستا و نوێژی استخارەی کرد و دەرچوو بۆ شکاندنی شێخ شەرەفەدین عبداللە ـی برای ابن تیمیە پێی ووتم کە ابن تیمیە دەرچوو بۆ شکاندنی ئەوکۆڵەکەیە کە خەڵکی شیرک و بیدعەیان لەوشوێنە ئەکرد خەڵکێکی زۆر لەگەڵمان بەڕێکەوتن بۆشکاندنی کاتێ لەوەدابووین دەرچین لەناوشار دەنگۆ بڵاوبویەوە کە ابن تیمیە دەرچوە بۆ شکاندنی ئەو کۆڵەکە شیرکیە شەیطان لەناوشاردا هاواری ئەکرد و خەڵکیش کەوتنە قسەوباسی جیاواز لەناو خۆیاندا یەکێک ئەیوت ئیترکانی فەیجە ئاوی وشک ئەبێت یەکێکی تر ئەیووت ئیتر باران نابارێت ودارەکان بەروبوم ناگرێت یەکێکی تر ئەیووت ئیتر خێر ڕوو لەابن تیمیە ناکات ئیتر بەهۆی ئەوەی هەرکەسەو قسەیەکی ئەکرد هێشتا نەگەشتینە شوێنە شیرکیەکە زۆربەی خەڵکەکە کشانەوە ترسان توشی بەڵا و نەهامەتی بن وتوشی بێ خێری بن براکەی ابن تیمیە ئەفەرموێت من و ابن تیمیە پێش کەوتین و هاوارمان کرد بەسەر بەردتاشەکان و پێمان وتن ئەو کۆڵەکەیە بشکێنن بەڵام کەسیان جورئەتی نەبوو بیشکێنن من و ابن تیمیە ئاسنەکانمان لە بەردتاشەکان وەرگرت و دەستمان کرد بەلێدان و شکاندنی و ئەم ئایەتەمان ئەخوێندەوە

﴿جَاءَ الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا﴾ حەق هات و باطڵ لەناوچوو بەڕاستی باطڵ هەر لەناوچوو و پوچەڵە

وتمان ئەگەر هەربەڵایەک بۆ خەڵک هات ئەوا با بەرئێمە بکەوێت ئیتر خەڵکەکەش هاتن و دەستیان کرد بەشکاندنی و تاشکاندمان لەپشت ئەوکۆڵەکە بەردینەوە دوو بتی تاشراوەهەبون . بەوشێوە **شێخ ی ئیسلام ابن تیمیه** ئەو شیرکەی لەناوخەڵکدا سڕیەوە لە کاتێکدا خەڵک چاوەڕوان بون تاشێخ بەهۆی ئەوکارەیەوە توشی بەڵا و نەهامەتی ببێت بەڵام چونکە دینی الله بەرپاکرد وتەوحیدی ڕاگەیاند تەنها خێر ڕووی لێکرد [الجامع لسيرة ابن تيمية 80 - 81].

هەروەها لەسەردەم ی شێخ محمدی کوڕی عبدالوهاب رحمه الله تعالى : کاتێ کە ڕۆشتن قوبەی سەرگۆڕەکەی زەیدی کوڕی خطاب بروخێنن ئەو خەڵکەی لەگەڵیدا بوون ترس لە دڵیاندا نیشت بۆیە شێخ بەدەستی خۆی ڕووخاندنی و خەڵکانێک ئەیانوت بەهۆی ئەوکارەوە محمدی کوڕی عبدالوهاب توشی کارەسات و نەهامەتی ئەبێت بەڵام تەنها خێر ڕووی لە شێخ کرد تائێستاش ڕەحمەتی بۆئەنێردرێت لەلایەن موسڵمانانەوە [المجد لابن بشر 1/39].

هەروەها ئیمام سعود بن عبدالعزیز رحمه الله تعالى قوبەی سەرگۆڕەکەی حسين ی لەکەربەلا ڕوخاند : کاتێ هێرشیان هێنا بۆسەر عێراق لەساڵی 1216 کۆچی بەهەمان شێوە قوبەی سەرگۆڕەکانی مەککەی ڕووخاند بەهەمان شێوە قوبەی سەرگۆڕەکانی صەنعا لە یەمەن لەهەمان ساڵدا وە هەموو ئەو خانوانەی لەسەر گۆڕەکان دروستکرابوون لەیەمەن ڕووخاندی بەهەمان شێوە قوبەی سەرگۆڕەکان لەشاری عەدەن .

[عنوان المجد لابن بشر 1/257 - 263] [القبورية لأحمد المعلم ص 634 - 646]

بەڵێ ئەم هەڵویستەی ئەم کەڵەپیاوانەی ئیسلام لەم فەرموودەیەوە سەرچاوەی گرتوە **أبي الهيّاج الأسدي** **ئەفەرموێت علي کوڕی أبي طالب - رضي الله عنه پێی وتم**

ئایا ڕەوانەت نەکەم بۆ کارێک **کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم منی پێ ڕەوانەکرد ؟** هیچ بتێ جێ مەهێڵە ئیلا بیشکێنە هیچ گۆڕێ بەرزکراو جێ مەهێڵە ئیلا تەخت ی کە بەزەویەوە.
[اخرجه مسلم]

ئیمام ی ابن القیم ئەفەرموێت : (إن حكم الإسلام في المساجد المبنية على القبور أن تهدم كلّها حتى تسوّى بالأرض وهي أولى بالهدم من مسجد الضرار، وكذلك القباب التي على القبور، يجب أن تهدم كلها؛ لأنها أسّست على معصية الرسول؛ لأنه قد نهى عن البناء على القبور)

حوکم ی ئیسلام لەبارەی ئەومزگەوتانەی بونیادکراون لەسەرگۆڕ ئەوەیە ئەبێت هەمووی بڕوخێنرێت و تەخت بکرێت بەزەویەوە ڕووخاندنی ئەمە لە پێشترە لە ڕووخاندنی مزگەوتی ضرار بەهەمان شێوە گومەزی سەرگۆڕەکان واجبە هەمووی بڕوخێنرێت چونکە لەسەر سەرپێچکردن لە فەرمانی پێغەمبەرصلی الله علیه وسلم بونیادنراوە چونکە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نەهیکردووە لەبیناکردن لەسەرگۆڕ.

والحمدلله رب العالمين

ئایـە ئەزانیت ئەم کارەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ؟

ئایە ئەزانیت ئەم کارەی پێغەمبەر ﷺ بەزمانی مورجیئەکـان کارەکەی مەسڵەحەت نەبوو وفیتنەی لێ ئەکەوێتەوە ! بەزمانی عەلمانیەکان کـارەکەی تیر..ۆریستی بوو! بەپێی یـاساکانیان تاوانبارە !

بیهێنە پێش چاوی خۆت لە شەوێکـی تاریکدا لە ناوجەرگەی دووژمن دەستت بگات بەخوا باطلەکانیان ورد وخاشی بکەیت و تەنها پشتت بە الله تعالى بەستبێت و بیهێنە پێش چاوی خۆت ئەم دیمەنە چەندە مەترسیدارە لەئەگەری ئاشکرابوونیدا ! وەرە بیخوێنەوە.

لە المستدرك على الصحيحين ئیمام ـی حاکم ـی النیسابوری هاتوە لە کتابی الهجره پەڕەی 538 بەژمارە 4324 بەسەنەدێک کەئیمام ـی حاکم ئەفەرموێت صحیح ـە

ئیمامی علی ئەفەرموێت ئەو شەوەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم (کەویستی هیجرەت بکات) فەرمانی پێکردم من لەجێگەی نوستنەکەی بخەوم (پێش ئەوەی هیجرەت بکات) منی بـرد بـۆلای بتەکـان وپێی وتم دانیشـە منیش لەپاڵ کەعبە دانیشتم پاشان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە هەردوو پێی سەرکەوتە سەر هەردووشانم و پێی وتم هەستە سەرپێ منیش هەستام بەڵام کەبێ هێزی منی بینی لە ژێر خۆیدا پێی وتم دانیشـە منیش دانیشتم و لەسەر شانم دابەزی پاشان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دانیشت و پێی وتم ئەی علی وەرە سەرشانم منیش سەرشانی کـەوتم و پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەستایە سەرپێ و منی هەڵگرت وا ئەهاتە بەرچاوم گەر بمویستایە دەستم بە ئاسمان ئەگەشت چوومە سەر کەعبە و بتەگەورەکەیـانم فڕێ دا کەلەمس دروست کـرابوو بەئاسن جێگیرکرابوو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی بیجوڵێنەوە منیش هەرئەم جوڵاندەوە تـا لەبن دەرچێت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێی ئەوتم هەوڵبە و بەردەوامبە منیش هەر بەردەوام بـوو لەجوڵاندنی هەتا توانیم لەبنی دەربێنم پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی بیشکێنە و وردی بکە منیش شکاندم و دابەزیم.

بـەڕاستی ئیسـلام پیاوانێـک پەروەردە ئەکات لەناوجەرگەی کوفردا هیچ حسابـێک بۆ کووفر نەکـات هەرئەوە بکات کەالله تعالى پێی ڕازیە و الله تعالى ئەیەوێت و داوای لێکردووە والحمدلله رب العالمين .

له سەیر و سەمەرەکانی خـــــــەوارج

ئیمام ی أبو عبيد القاسم بن سلام له الأموال: (476) وابن أبي شيبة له مصنفه کەیدا (39048) گێراویانەتەوە هەروەها ئیمام ی الدارقطني له سننەکەیا (3250) یەزید بن هارون پێی وتین کەسلیمان التیمی هەوالّی یاینێ لەابی ملجزە وە فەرمووی : ئیمام ی علی قەدەغەی کردبـوو له هاوەلان ی کەوا دەست پێشخەری بکەن له هێرشکردنە سەر خەواریجەکـان تا ئەوکاتەی خەواریج تاوانێـک و خوێن ڕێژیـەک ئەنجام نەیەن.

خەواریجەکان بەلای **عبدالله ی کوری خەبابـ** تێپەڕین و دەستگیریان کرد لەوکاتەدا خەواریجـەکان تێپەڕین و بەرێگاوە بون یەکێک له خەواریجەکان خورمایەکی بینی له زەویدا کەوتبوو خورماکەی هەلّگرت و خستیە دەمیەوە خەواریجەکان ی تر وتیان ئەوە خورمای کەسانی ئەهلی کتابە کە پەیمان له نێوانماندایە بەچی شتێک حەلالّت کرد ئەو خورمایە بخۆیت ؟؟ خەواریجەکە خێرا خورماکەی لەدەم خۆی فرێیا پاشان ڕۆشتن و بەرێگاوە بەرازێکیان بینی هەنێ له خەواریجەکان شمشێریـان ڕاکێشا و لەبەرازەکەیان یا و هەنێکی تر لەخەواریجەکان وتیان ئەمە بەرازی کەسێکی ئەهلی عەهدە چۆن بەڕەواتان زانی وای لێ بکەن عبدالله ی کوری خەباب کەبەدیل کرابوو لەلای خەواریجەکان بە خەواریجەکان ی فەرموو ئایا شتێکتان پێ بلّێم کە حورمەت و ڕێزەکەی لەلای الله تعالی زۆر گەورەترە لەو خورما و بەرازە؟؟ وتیـان بەلّێ پێمان بلّێ عبدالله فـەرمووی من لەلای الله تعالی لەو خورما و بەرازە بەڕێزترم (لەگێڕانەوەی)

ئیمام ی ابن کثیر له البدایه والنهایه (10/577) هاتوە کەوا عبدالله ی کوڕی خباب پێی وتن ئێوە منتان ترسـاندووە کە ئەمە لەلای الله تعالی گەورەترە لەو خورما و بەرازە وتیـان ترست لەسـەرنەبێت تەنها ئەوەمان بۆ بگێڕەوە کـە باوکت لە پێغەمبەری بیستوە صلـی الله علیه وسلم عبدالله ش فەرمووی بیستم لە باوکم ئەیفەرموو بیستم لە پێغەمبەر ﷺ کە فـەرموویەتی: فیتنەی واپەیـدا ئەبێت لەناو موسلّمان ئەوە کەسـەی دانیشتو باشترە لەوکەسەی بەپێوەیە ئەوەشی کە وەستاوە باشترە لەو کەسەی بەرەو فیتنە هەنگاو ئەنێت ئەوەی هەنگاو ئەنێت باشترە لەو کەسەی بۆ فیتنە هەوڵ ئەیات وبۆی ڕائەکات .

لەگەلّ هەموو ئەوەشدا خەواریجەکان عبدالله ی کوری خەبابیان هێنا و سەریـان بڕی پاشان هاتن بۆلای هاوسەرەکەی عبدالله ئەویش بە خەواریجەکان ی فەرموو من ئافرەتێکی دووگیـانم ئایا له الله تعالی ناترسن ؟ بەلّام سودی نەبوو خەواریجەکان هاوسەرکەشیان سەربڕی وسکیان هەلّدڕی ومندالّەکەشیان لەسکی دەرهێنا پاشان **ئیمام علی** کەسێکی ڕەوانەکرد بۆلای خەواریجەکان و پەیامی بۆناردن وپێی وتن بکوژان ڕادەستمان بکەن بۆ تۆلّە لێکردنەوەیـان خەواریجەکانیش وتیان چۆن بکوژانت ڕادەست کەین له کاتێکدا ئێمە هەموومان ئەومان کوشت ئیمـام ی علی فەرمووی هەمووتان ئەووتان کوشت وتیـان بەلّێ ئیمام ی علی فەرمووی الله اکبر فەرمانی کرد بەهاوەلان ی و فەرمووی هێرش بەرنە سەریـان سوێند بەالله دەکەس لەئێوە ناکوژرێت و دە کەس لەوان ڕزگاری نابێت بۆیە خەواریجەکان کوژران و لەناوبران .

وتـم چەند ســەیرە تەقوای الله بکەیـت لەخورمایەک و لەکوشتنی بەرازێـک لەبەر ئەوەی مولّکی ئەو ئەهلی کتابانەیە کەوا پەیمانیان هەیـە لەگەلّ موسـلّمانان لەهەمـان کاتدا ئاسانترین شت خوێن ی موسـلّمان بێت و حەلالّکردن مالّ و ئابڕووکەی لـەمرۆشـدا بـەچاوی خۆمان نەوەکان ی خەوارج ئەبینین بەلّام جیاوازتر لەخەوارج ی کۆن.

چونکە خەوارج ی کۆن لەلایـەکەوە تەقوایان هەبوو بۆ الله تعالی تەنانەت ناوچاوانیان لەزۆری سوجدە بردن شین ئەبووەوە هێندە ڕاستگۆبوون لەقسەدا گەشتنە ئەوەی غلوبکەن درۆکردن و بوهتانکردنیان بـەکوفر ئەزانـی بەلّام لەولاشـەوە ئەو ئایەت وفەرموودانەی لەسەر کافران دابەزیوە ئەیانهێنایەوە لەسەر موسـلّمان جێ بەجێیان ئەکرد و خوێن ی موسـلّمانانیان پێ حەلالّ ئەکـرد بـەلّام خەوارج ی ئەمرۆ نەلەعیبادەت وەک خەوارج ی کۆنن نەتەقوای الله تعالی ئەکەن نە ڕاستگۆشن بەلّـکو خاوەن دەیان فسق وفجور و درۆ وبوهتانن بۆ ئەهلی جیهاد وتەوحیـد لەگەلّ ئەوەشدا وتەی مطلق و دەقی متشابهـ ئەهێننەوە تاتەکـفیری زانایان ی ئومەت ی ئیسلام و تێکۆشەران ی ئومەتی ئیسلامی پێ بکەن .

الله تعالـی لە گومڕایی خەوارج و هاوشێوەکانیـان بمانپارێزێت چونکە وەک ڕسـول الله ﷺ فـەرمووی خراپترینی ناو دروستکراوان .

ئـایا زانایان ئەفزەڵتـرن یـاخود شەهیدەکان؟

ئیمام ی ابن القیم رحمه الله تعالی ئەفەرموێت : ئەم بابەتە پێشخستن ی مرەکەب ی زانایان بەسەر خوێنی شەهیدان بە پێچەوانەشەوە مشتومڕێـکی زۆری تێدایە مەودایەکـی فراوان ی هەیە بۆ هەر لایەکیشیان بەڵگەی خۆی هێنراوەتەوە پلەی پێ بەرزکردۆتەوە ئەوەی کۆتای بـەم ناکۆکیە ئەهێنێت گەڕاندنەوەی بابەتەکەیە بۆ کۆ دەنگی قسەکردن لەبارەی جۆرەکـان ی پلەی کامڵبون و باسکـردن ی ئەوەی کامیان ئەفزەڵترن وتێڕوانین لەوەی ئایا کام لەم دووشتە لە پێشترە و نزیکترە لێوەی ئەم سێ بنەمایـە هەق ڕوون ئەکاتەوە و بابەتەکە یـەکلایی ئەکـاتەوە

پلەکان ی کەماڵ چوارن (١- پێغەمبەرایـەتی ٢- ڕاستگۆیی تەواو ٣- شەهیدی ٤-پیـاوچاکـی) الله تعالی لە قورئاندا ئەم چوار پلەی بەڕیزبەندی باسکرد ووە فەرموویەتی : هەرکەسێکێ گوێڕایەڵـی الله تعالی و پەیامبەرەکەی بکات صلی الله علیه وسلم. ئەوا لەقیامەتدا ئەبێتە هاوڕێی ئەوکەسانە کە الله تعالی چاکەو بەهرەی خۆی بەسەرا ڕشتوون (١- لە پەیامبەران ٢- و ڕاستگۆیان ٣- و شەهیدانی ڕێگەی الله ٤- صاڵحان و کارچاکان)

بەرزترین ی ئەم پـلانە پێغەمبرایەتیـە پاشان پلەی صدیقەکان (ئەوانەی تەواو ڕاستگۆن لەگەڵ الله تعالی) ڕاستگۆکان ئـەوە پێشەوایانەن کە شوێن ی پێغەمبەران کەوتون پلەی ئەمان لە خوار پلەی پێغەمبەرایەتیەوەیـە ئەگەر پێنوس ی زانا بەڕاستگۆیـانە ڕۆشت و مرەکەبەکەی لەوپێناوەدا ڕژاند ئەوا ئەفزەڵترە لە خوێن ی شەهیدێک کە نەگەشتۆتە پلەی ڕاستگۆیەتی تەواو ئەگەر خوێن ێ شەهید بەڕاستگۆیی تەواو ڕژا باشترە لەمرەکەب ی ئەو زانایایەی کە نەگەشتۆتە پلەی صدیق ی تەواو بۆیە ئەفزەڵترینیان ئەوەیە (**کەلە ڕاستگۆیەتیدا پێشکەوتوتربێت خۆئەگەر هەردووکیان لەڕاستگۆیەتیدا یەکسان بوون ئەوا پلەشیان یەکسان ئەبێت**)

صدیقیەت (**ڕاستگۆی تەواو**) بریتیە لە بڕوا هێنان بەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێی هـاتوە لە ڕووی زانست و بڕواپێکردنی وجێ بەجێکردنی کەواتا ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ خودی زانستەکە هەرکەس زاناتربێت بەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێی هاتوە ئەوا بڕواپێ بونی و بەڕاستدانان ی زیاترە و کاملترە ڕاستگۆیەتی تەواو دارێکە بناغەکەی زانستە ولقەکان ی بڕواپێکردن و بەڕاست زانینە و بەرهەمەکەی کردەوە پێکردنە ئەمەش چەند وتەیەکـی کۆکەرەوەوە گشتگیربون لەسەرئەوەی ئایا زانا ئەفزەڵترە یاخود شەهید . [مفتاح دار السعادة (باختصار) (1/297-299)]

والحمـدلله رب العالـمين

بێگومان ئەبێت دژایەتی کرێیت ئەگەر دژایەتی نەکرای ئەوە لەسەر ڕێبازی پێغەمبەران نیت علیهم السلام

بەتایبەت دژایەتیەکەی لە لایەن عەمامە بەسەرەکانەوە یەت بۆت

دووژمنایەتی کردنیشت جۆری هەیە جا یان بەزمان یان بەدەست یان بەجەستە دژایەتی ئەکرێیت گەر هیچ یەکێ لەمانەت توش نەبوو لەهەمان کاتدا خۆشت بەبانگخوازی تەوحید ناساند ئەوا دڵنیابە کێشە لەعەقیدەکەت یان نیەت و ڕێبازەکەت هەیە

شێخ ی ئیمام محمدی کوڕی عبد الوهاب ڕەحمەت ی الله تعالی داباڕێت بەسەریدا فەرموویەت ی : بزانە الله تعالی لە حیکمەت و دانایی خۆی هیچ پەیامبەرێکی ڕەوانە نەکردوە بەم تەوحیدەوە ئیلا دووژمنیشی بۆ داناوە وەک الله تعالی فەرموویەت ی (**بەهەمان شێوە دڵنیابە بۆ هەموو پەیامبەرێکی دووژمن و نەیارمان بۆ داناون لە شەیطانە مرۆڤەکان و جنۆکەکان کە هەندێکیان بۆ فریودان ی خەڵکی گوتەی ڕازاوەو بێ ناوەڕۆک بە هەندێ خەڵکی سادە ڕائەگەیەنن بەمەبەستی لە خشتە بردن و چەواشەکردن و ترساندنیان لەڕێی هەق**)

کەواتا تۆی موەحید دەوردراوی بەدووژمن لە دووژمنی مرۆڤ وجنۆکە وە دووژمنانێک لەسەر ڕێگەکەت وەستاون زانستیان پێیە بەڵام **شێخ محمد** لە درێژەی و تەکانیدا ئەفەرموێت ڕحمە الله تعالی بەڵام گەر ڕووت کردە الله تعالی گوێت ڕاگرت: بۆ بەڵگە و ڕونکردنەوەکانی شەرع ئەوا مەترسە و خەم مەخۆ

چونکە بەڕاستی (تەڵە وپیلان ی شەیطان لاوازە) کەسێکی عەوام لە موەحیدان هەزار زانای موشریکان ئەبەزێنێت وەکچۆن الله تعالی فەرموویەتی (بێگومان سەرباز ولەشکرانی الله تعالی زاڵ و سەرکەوتوون بەسەر دوژمناندا) بەڵێ سەربازانی الله تعالی سەرکەوتون ئەو کەسانەن کە بەبەڵگە وزمان سەرکەوتون وەکچۆن بە شمشێر ورم .

کەواتا ترس لەسەر کێ هەیە؟

ترس لەسەر ئەو موەحیدە هەیە کەڕێگەکەی گرتۆتە بەر بەڵام چەکی پێ نیە الله تعالی منەت ی بەسەرا کردووین بە قورئانەکەی کە کردوویەتی (بەڕوونکەرەوەی هەمووشتێک ورێنمای ورەحمەت وموژدە بۆ موسڵمانان) هیچ خاوەن باطڵێک نیە کەبەڵگە بۆ باطڵەکەی خۆی بهێنێتەوە ئیلا قورئان بەڵگەکەی پوچەڵ کردۆتەوە ولایەنە پوچەکانی باطڵی ڕوونکردۆتەوە وەک الله تعالی فەرموویەتی (**ئەو کافرو موشریکانە هەر نمونەیەکت بۆ ئەهێننەوە بۆ وەستانی کارەکەت و ناشرین کردنی ئەم قورئانە ئەوا ئێمەیش بەردەوام بە وەڵامی هەق و بەجێ و جوانترین تەفسیرێکەوە هاتوین بە هاناتەوە**) هەنێ لەڕاڤەکاران ی قورئان فەرموویانە ئەم ئایەتە گشتگیرە بۆ هەموو بەڵگەیەک کەئەهلی باطل ئەهێنێت تاڕۆژی قیامەت . [**کشف الشبهات للشیخ محمد بن عبدالوهاب رحمە الله تعالی**]

ئايا ئیسلام دینێكی نەتەوەیی وقەومیی عەرەبیە ؟

ئايا ئیسلام فەزڵی موسڵمانێكی عەرەب ئەیا بەسەر موسڵمانێكی كورد یان تورك یان فارس لەبەر ئەوەی عەرەبە ؟

ئیسلام وكورد دووشتی لەیەک دانەبڕێنراون وەڵامێک بۆ ئەومولحیدانەی وا وێنای ئیسلام ئەكەن دینێكی نەتەوەیی عەرەبیە نەک دینێكی دابەزێنراو وپەیامێک بێت بۆ هەموو جیهان.

سەرەتا ئیسلام دینی الله تعالی ـە بۆهەموو خەڵكی نەک تەنها دینی عەرەب بێت و ئەوەی عەرەب نەبێت بەموسڵمان دانانرێت قال الله تعالی { قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا } [الأعراف : ١٥٨] ئەی خەڵكینە چاک بزانن كە من پەیامبەرو نێردراوی الله بۆ هەرهەمووتان. (كەواتا ئەم دینە پەیامێكە بۆهەموو مرۆڤ و جنۆكە)

كێ ئەبێت بەئەهلی ئەم دینە وخوێن ومالی حەرام ئەبێت ؟ قال الله تعالی { تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ } [التوبه : ١١] ئەگەر لە شیرک وكوفر تەوبە بكەن بە ڕێكوپێكی نوێژیان كردو زەكاتیاندا ئەبنە برای یەكتری لە دین ـدا .

ئایا ئەزانیت لە ئیسلامدا برایەتی واتای چیە؟

پێغەمبەر ﷺ ئەفەرموێت :

١- موسڵمان برای موسڵمانە ستەمی لێناكات (كەواتا ئەوەی ستەم لە موسڵمانێكی تر ئەكات لەبەر جیاوازی زمان و نەتەوە ئیسلام بەریئە لەوكارە بەڵكو ئیسلام فەرمانی كردووە ستەمكار ئەگەر نەگەڕایەوە بۆفەرمانی الله تعالی هەموو موسڵمانان بجەنگن دژی دەستەی ستەمكاری دەست درێژكار)

٢- پشتی تێناكات وجێی ناهێلێت (واتا موسڵمانێک لە شوێنێكدا ستەمی لێ ئەكرێت واجبە لەسەر موسڵمانانی تر پشتیوانی لێ بكەن نەک سەرشۆڕی بكەن و جێی بهێڵن كەستەمی لێ بكرێت)

٣- بەكەم وسوک وبێ نرخ سەیری ناكات (كەواتا ئەو عەرەبەی بەناوی ئیسلامەوە بەكەم و بێ نرخ سەیری موسڵمانێكی تورک یان كورد یان فارس ئەكات ئیسلام لەوە بەریئە) تەقوا لێرەدایە ئاماژەی كرد بۆدڵ ـی

ئەوەندە بەسە بۆخراپەی کەسێک کەبەچاوێکی سوک و کەم سەیری برایەکی موسڵمانی بکات هەموو موسڵمانێک لەسەر موسڵمان حەرامە خوێنەکەی و ماڵەکەی و ناموسەکەی. [البخاري (6064) ومسلم (2564)]

ئائەمە ئیسلامە لە قورئان وسونەتەوە کە هەموو جیاکاریەک لەسەر بنەمای نەتەوە و هۆز ورەگەز پەرستی ڕەت ئەکاتەوە کەواتا ئیسلام تەنها داوای ئیمان هێنان و پەرستنی الله تعالى بەتەنها لە خەڵکی ئەکات هەرکەسێ تەوبەی کرد لە کوفر وئیمانی بە الله و رسولەکەی هێنا ﷺ و نوێژی کرد و کوفری بە ئیسلام نەکرد ئەوا موسڵمانە و خوێن وماڵی حەرامە کەواتا ئیسلام داوای بون بە عەرەب و کۆیلایەتی لە هیچ خەڵکێ ناکات بەڵکو ئیسلام بۆ ئەوەهاتوە مرۆڤەکان لە کۆیلایەتی بۆ بەندەکان ئازادبکات بۆ بەندایەتی بۆ الله تعالى.

ئیسلام هاتوە بۆنەهێشتنی بتی نەتەوەپەرستی وعەشیرەت پەرستی و ڕەگەز پەرستی هەموو مرۆڤەکان لەسەر بنەمای بەندایەتی بۆ الله تعالى پێوانە ئەکرێن نەک لەسەر بنەمای زمان و ڕەنگی پێست و ..هتد پێغەمبەری پێشەوای هەموو مرۆڤایەتی محمد ﷺ ئەفەرموێت : ئەی خەڵکینە پەروردگاری ئێوە تەنها الله یە کەسێکی عەرەبی فەزڵی نیە بەسەر کەسێک کە عەرەب نەبێت وە کەسێک کە عەرەب نەبێت فەزڵی نیە بەسەر عەرەبێکەوە سوپێستێک فەزڵێ نیە بەسەر ڕەش پێستێک و ڕەش پێستێک بەسەر سوور پێستێک تەنها بە تەقوا نەبێت بەرێزترینتان لە لای الله تعالى ئەو کەسەیە کە تەقوای الله ئەکات .[البيهقي ((شعب الإيمان)) (5137)]

کەواتا ئیسلام دینێکی قەومی نیە ولەسەر بنەمای زمان باش وخراپ دیاری ناکات بەڵکو ئیسلام هاتوە خەڵکی بکات بەیەک لەسەر بنەمای عەقیدە و ئیمان ئیتر هەرزمان و هەر ڕەنگێکی ئەوا فەزڵ وڕێزی تۆ بەپێی ئیسلام وتەقواکەت ئەخەمڵێنرێت نەک بەپێی زمان ونەتەوە وعەشیرەت هەرکەسێ بەچاوێکی سوک سەیری کوردێکی موسڵمان بکات لەبەر ئەوەی کەوا کوردە یان عەرەبێکی موسڵمان بەچاوێکی سوک وکەم سەیری تورکێکی موسڵمان بکات لەبەر ئەوەی تورکە ئەوا ئیسلام بەریئە لەوکارە وئیسلام ئەم کارە بەجاهلیەت و پیس ناوئەبات پێغەمبەری الله تعالى فەرمووی ﷺ : ئەوە چیتانە بانگەشەی نەفامیەت و جاهلیەت ئەکەن دەمارگیری فڕێ بەن چونکە شتێکی بۆگەن وپیسە) [رواه الإمام أحمد (3/385)]

کەواتا ئیسلام دەمارگیری لەسەر بنەمای ڕەچەڵەک وهۆزایەتی وزمان و ڕەنگی پێست و هەژاری ودەوڵەمەندی بەپیس وبۆگەن ئەزانێت کەواتا وایپشان ی خەڵکی مەیەن ئیسلام هاتوە بۆجیاکاری وسوک سەیرکردنی نەتەوەکانی تر چونکە ڕونمان کردەوە

ئیسلام کۆتا ئاینی الله تعالی یە وهەموو زمانەکان ونەتەوەکان لەیەک ڕیز ویەک ئاست دائەنێت وەکو الله تعالی ئەفەرموێت : { **إِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ** } [الأنبياء : ٩٢] ئومەتی ئیسلام هەمووی یەکن منیش پەروەردگاری ئێوەم تەنها من بپەرستن. (کەواتا بە مولحیدەکان دەمیان داخەن کە خۆڵ ئەکەن بە چاوی خەڵک ئیسلام وەک دینێکی وطنی و قەومی وێنائەکەن کە ستەم لە نەتەوەکانی ترئەکات چونکە عەرەب نین)

سەید قطب رحمە الله تعالی وتەیەکی جوان ی هەیە ئەڵێت : ئەوکەسەی بڕوای بە سنوری سایکس بیکۆ هەیە تکای لێ ئەکەم باسی ئیسلام نەکات چونکە من لە ئومەتێکم ئەبوبکری عەرەبی و بیلالی حەبەشی و سەلمانی فارسی وصهیب ی ڕۆمی تێدایە.

ئێمەش جابان ی کوردی بۆزیاد ئەکەین کە هاوەڵی پێغەمبەر بوە ﷺ وفەرموودەشی گێڕاوەتەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ ابن الأثير رحمە الله لە أسد الغابة(6/ 304) ئەفەرموێت : باوکی میمون کەوتراوە ناوی جابانە زیاد لە جارێک گوێی لە پێغەمبەر ﷺ بووە ئەبو خالد فەرموودەکەی گێڕاوەتەوە لە مەیمون ی کوڕی جابان مەیمون ی کوڕیش ی تابعی بوە ئیمامي عثمان بن سعيد الدارمي ئەفەرموێت : یحیای کوڕی معین لە بارەی میمون ـەوە فەرمویەتی ليس بە بأس هیچ کێشەی نیە أبو عبيد الآجري لە أبي داود لەبارەی میمون فەرموویەتی کەسێکی جێگەی متمانەیە. [ابن حبان لە کتاب " الثقات" باسی میمون ی کردووە تهذيب الكمال في أسماء الرجال6345]

ئیمام ی مالک بەمیمون ی کوڕی جابان ی فەرموو لە باوکتەوە فەرموودەمان بۆ بگێڕەوە کە پێغەمبەری بینیوە صلى الله عليه وسلم و لەپێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم شتی بیستوە میمون ئەیفەرموو : (باوکم لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم فەرموودەی بۆ نەئەگێڕاینەوە لەترسی ئەوەی نەکا وشەیەک زیاد و کەم بکات لەفەرموودەکەدا) [عبد الرحمن بن يحيى اليَماني(الأنوار الكاشفة 59)]

واتا هێندە ترساوە لەالله تعالی نەبا قسەیەک کەم وزیادبکات لەفەرموودەکە وە ڕیوایەتیشی لێوە گێڕدراوەتەوە بەسەحیح ی جابان **ڕەزای الله تعالی ی لێ بێت بیستویەتی لە پێغەمبەر ﷺ : (هەرکەس زەواج لەگەڵ ئافرەتێک بکات ونیەتی وابێت مارەییەکەی نەیاتێ بەوحاڵەوە بمرێت ئەوا بەزیناکاری گەشتۆتەوە بە دیداری الله تعالی**) [روى ابن مندة]

ئەوە جگەلەوەی سەدان زانا وهەزاران موجاهیدی هەڵکەوتوو لەناوکورد دەرکەوتون بەدرێژای مێژوو بۆسەرخستنی ئاینی الله تعالی وسەرکردایەتی پۆلێک لە لەشکری موسڵمانانیان کردووە بۆیە باتاکی موسڵمانی کورد بزانێت وهۆشیاربێت ئیسلام دینە ئەم دینەش جیاوازی نێوان زمان ونەتەوە ناکات لەسەر بنەمای نەتەوەیی بەڵکو بڕیار لەسەر بنەمای ئاین ئەیات نەفرەت ی الله تعالی لەکوردە شیوعیەکان لەشوێنکەوتوانی پەکەکەی کافر و پارتی ویەکێتی وئەحزابە بێ دینەکان کەئەیانەوێ مێشکی گەلی کوردی موسڵمان واتێک بەن وەک بڵێی الله ڕقی لەئێوەیە چونکە کوردن وە ئیسلام خوێن وژنتان بەحەڵاڵ ئەزانێت چونکەکوردن هەرچەندە موسڵمانیش بن لەلای ئیسلام ئێوە هەرخوێنتان بۆعەرەب حەڵاڵە بۆیە ئێمەش تەنها بەئایەت وفەرموودە سیحر ودرۆی ئەو عەلمانی ومارکسیانە پوچەڵ ئەکەینەوە پێتان ئەڵێین ئەی گەلەکەم نەخەڵەتێن بەوانە ئێوەی کورد لەناو ئیسلامدا سەرکردە وپێشڕەو بوون

بەڵام کەسەرکردە خۆفرۆشە عەلمانیەکان چونە ڕیزی دووژمنانی الله تعالی و یاریان بەخوێن وماڵی ئێوە کرد وائەشیانەوێ لەدینەکەتان هەڵتانگەڕێننەوە وئیسلامتان لەپێش چاوبخەن بەڵام والله سەربەرزی ئێمە بەئیسلام بوە تاپێش هاتنی ئیسلام کورد ژێر دەستەی فارس و ڕۆم بوو پیشەی دەربەدەری و نەهامەتی بوو بەڵام دوای هاتنی ئیسلام ودەستگرتنان بەئیسلام بوون بەسەردار وسەرکردەی سوپا و لوتی ڕۆمتان شکاند وپێشەوایەتی بەدەستانەوە بوو

ئەم ئیسلامە ئەوەی دەستی پێوە بگرێت عەزیز ئەبێت ئەوەی پشتی لێ بکات وەک نمونەی حوکمەتە دیموکراسیە عەرەبی وکوردی وتورکی وفارسیەکان ئاوا ژێر دەستە وزەلیل ئەبێت بۆیە هیچ کاتێ وامەزانن ئیسلام هۆکاری چەوسانەوەی ئێوەیە ناو الله ئەوەی

بۆتە هۆکار تەنها سەرکردە جاش وخۆفرۆشەکانی خۆتانن کەخۆیان فرۆشتوە بەگاور وجولەکە وەک چۆن سەرکردە عەلمانیە نەتەوەپەرستە عەرەبیەکان خۆیان فرۆشتوە بە گاوروجولەکە بۆیە بگەڕێنەوە بۆدینەکەتان سەربەرزی هەموو ئومەت ـی ئیسلامی لەگەڕانەوەیە بۆئیسلام وازبێنن لەزەرد وسەوزو وسور وشین وپرتەقاڵی وسپی ئاڵای هەموومان ئاڵاڕەشەکەی عوقاب ـە کەتێدا نوسراوە

لاإله إلاالله

الله
رسول
محمد

ئەوئاڵایـە ئاڵای عەرەب نیە بەتەنها ئاڵای تورک نیـە بەتەنها ئاڵای کورد نیـە بەتەنها ئـاڵای فارس نیـە بەتەنها ئەوە ئاڵای هەموو کەسێکە کەشایەتومانی هێناو بەتاکڕاگرتنی الله و بەپێغەمبەرایەتی محمد صلی الله علیە وسلم لەژێر ئەوئاڵایە جیاوازی نەتەوەپەرستی نامێنێت لەژێر ئەو ئاڵایە ژیان وماڵ وشەرەف وخوێنتان بەعیزەت وشکۆوە پـارێزراوە هەرنەتەو وزمانێـک لەشکۆی خۆی کەم ناکرێتەوە بەڵکو بەعیزەت وڕێزلێگراوئەبێت تەنها حوکمی الله لەسەروی هەمووکەسێکەوە ئەبێت وتەنها عەبدی الله ئەبین وتەنها محمد صلی الله علیە وسلم پێشەوامان ئەبێت بۆیە مەخەڵەتێن بەماڕکسیەت وعەلمانیەت ودیموکراسیەت ونەتەوەپەرستی.

بیروباوەڕی سەلەف فێربە
بە زمـــانی کــوردی

کـــــــتێبـــــــــی :

اعتقاد أئمة الحديث	بیروباوەڕی ئیمام ابن بطه	شیکردنەوەی عەقیدەی سفیان ی ثەوری	عقیدەی ابی زرعه حاتم الرازيين
لا 26	لا 103	لا 110	لا 78

t.me/haqurasti

هەر ئێستا لە خوارەوە
دانلۆدی بکەن